# ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە قوتابخانە بیانیەکاندا


توێژەران

سەنگەر یوسف صالح زانکۆی سەلاحەدین

عبدالسمیع محمد رحمان زانکۆی سەلاحەدین

جهاد کمال عثمان زانکۆی سەلاحەدین

رەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە قوتابخانە بیانیەکاندا

پوختە:

لە ڕێگای گرتنەبەری میتۆدی چۆنایەتی و ئەنجامدانی (١٦) چاوپێکەوتنی نیمچە کراوەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە تیشك بخاتە سەر ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و کلتوری لە قوتابخانە بیانیەکانی هەرێمی کوردستان. بە تایبەتیش وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە تا چەند توخم و ڕەگەزەکانی کلتورو ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لە پرۆگرام و چالاکی ناو قوتابخانە بیانیەکان ڕەنگی داوەتەوە؟ تا چەند قوتابخانە بیانیەکان لە ڕووی فەلسەفەو تێڕوانینیانەوە گرنگی بە کلتورو ناسنامەی کوردی دەدەن؟ هەروەها تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی دایک و باوکی قوتابیان چی یە لەسەر ڕۆڵی قوتابخانە بیانیەکان لە دروستکردن و گەشەپێدانی کلتور و ناسنامەی نەتەوەی و گەردوونی؟ لە توێژینەوەکەوە ئەوە بە دەرکەوت کە ڕاستە فێربوونی زمانی بیانی لایەنێکی ئەرێنیە و دەکرێت وەك دەوڵەمەندبوونی سەرمایەی مرۆیی و مەعریفی لێی بڕوانرێت، بەڵام زمانی کوردی وەك ڕەگەزێکی سەرەکی ناسنامە ڕەنگە گەشەسەندن بەخۆوە نەبینێت بەو ئاڕاستەیەی کە ببێتە زمانی زانست. ئەوەش بەدەرکەوت کە بە بەراورد بە زانستە سروشتیەکان، گرنگیدانی ئەوتۆ بە زانستە مرۆییەکان نادرێت، لە کاتێکدا بابەتەکانی پەیوەست بە ناسنامەی کلتور و نەتەوە لە زانستە سروشتیەکاندا زیاتر بەرجەستەبوون. هەروەها بەو دەرەنجامە گەیشتین کە قوتابخانە بیانیەکان بایەخدانێکی لاوەکیان بۆ یاد و بۆنە نەتەوەییەکان هەیە و لە ئاستێکدانیە کە جێی ڕەزامەندی دایکان و باوکانی قوتابیان بێت. دروستکردنی هاوڵاتی گەردوونی لەم قوتابخانانەدا وەك لایەنێکی ئەرێنی قوتابخانەکان بەدەرکەوت لەم توێژینەوەیەدا. ئەوەش بەدەرکەوت کە قوتابخانەکان جۆرێك لە پابەندیان هەیە بەو یاساو ڕێنماییانەی کە لە وەزارەتی پەروەردەوە دەردەچن . هەروەها ئەوەش دۆزرایەوە کە ڕۆڵی خێزان ڕۆڵێکی گرنگە لە دروستکردن و گەشەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی و کلتوری و تەنانەت وەك جۆرێك لە پارسەنگ تەماشادەکرێت بۆ هەر کەموکوڕیەك کە قوتابخانەکان هەیانبێت دەرهەق بە ناسنامەی نەتەوەیی و کلتوری.

دەروازە:

لەگەڵ ئەوەی کە توێژەران لێرەو لەوێ لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستیدا تیشکیان خستۆتە سەر دروستبوون و گەشەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگای سیستەمی پەروەردە و خوێندنگاکانەوە (Tormey, 2006; Brown, 2007; Wyse, 2008; Darr, 2011)، لە هەرێمی کوردستان توێژینەوە و بەدواداچوونی زانستی کەمن دەربارەی ئەم بابەتە. لە کاتێکدا توێژینەوەی وەها بابەتێک ڕەنگە لە هەرێمی کوردستان گرنگی زیاتری هەبێت لە هەر شوێنێکی تر. ئەم گرنگی بوونەش دەکرێ لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە هەرێمی کوردستان و سیستەمە پەروەردەییەکەی بەدرێژایی ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق تاسەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان کەوتبونە بەر شاڵاوی لەناوبردن و سڕینەوەی کلتورو ناسنامە نەتەوەییەکەیەوە (Abdulla 2009). توێژەران ئاماژەیان بەوە داوە کە هەم پەروەردە و هەم ناسنامەی نەتەوەییش مەحکومن بە ڕووداو و فاکتەرە مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، و ئابوریەکان (Wyse 2008). پاش دوو دەیە لە ئازاد بوون لەو شاڵاوی لەناوبردنە، تا ئێستا ڕوون نیە کە فەلسەفەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان چۆن داڕێژراوەتەوە بۆ پاراستنی کلتور و ناسنامە نەتەوەییەکەی. بە تایبەتی کە بابەتی بونیادنانی نەتەوە و پەرەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگای پەروەردەوە لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان گرنگی تایبەتی پێ دەدرێت (Tormey 2006).

ئەگەرچی هەبوونی قوتابخانەی بیانی ڕەنگە دەرەنجامی ئەرێنی و نەرێنی هەبێت پەیوەست بە ناسنامە و کلتوری نەتەوەییەوە، دیسان ئەم بابەتە لە هەرێمی کوردستاندا ڕوون نیە کە ئاخۆ ئەو قوتابخانە بیانیانەی کە هەن چ ڕۆڵێک دەگێڕن. هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان لەپێناو ڕێکخستنی کاری قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان (قوتابخانە بیانیەکانیش دەگرێتەوە) یاسای ژمارە (١٤)ی لەساڵی ٢٠١٢ دەرکرد، بەڵام وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی ژمارە(١)ی دەرکرد بۆ چۆنیەتی جێ بەجێکردنی یاساکە. لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابخانەی بیانی هەن و هەریەکەیان بە فەلسەفە و پرۆگرامی وڵاتێک بەڕێوەدەبرێن. بەپێی ئەو داتاو زانیاریانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بەدەست کەوتوون بە تەنها لەشاری هەولێر ١٥ قوتابخانەی بیانی هەن. لێرەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیە بە ئاڕاستەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ قوتابخانە بیانیەکانی هەرێمی کوردستان مەترسین لەسەر کلتورو ناسنامەی نەتەوەیی کوردی یاخود بە پێچەوانەوە ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕن لە ڕەنگاوڕەنگ کردنی کلتورەکە بە پاراستنی مۆرکە کوردیەکەی. وردتر بڵێین:

- تا چەند توخم و ڕەگەزەکانی کلتور و ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لە پرۆگرام و چالاکی ناو قوتابخانە بیانیەکان ڕەنگی داوەتەوە؟
- تا چەند قوتابخانە بیانیەکان لە ڕووی فەلسەفە و تێڕوانینیانەوە گرنگی بە کلتورو ناسنامەی کوردی دەدەن؟
- تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی دایک و باوکی قوتابیان چی یە لەسەر ڕۆڵی قوتابخانە بیانیەکان لە دروستکردن و گەشەپێدانی کلتور و ناسنامەی نەتەوەی و گەردوونی؟

ئەدەبیاتی پێشوو:

کۆمەڵگا تەنها کاتێک دەتوانێت بمێنێتەوە ئەگەر جۆرێک لە هاوچەشنی و لێکچون لەنێوان ئەندامەکانیدا هەبێت (Durkheim 1972). یەکێک لەو وەزیفانەی کە ناسنامەی نەتەوەیی هەیەتی بریتیە لە دروستکردنی هاوچەشنی و لێکچوون لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا (Smith 1991). توێژەرانی تریش ئەوەیان وەبیرهێناوەتەوە کە ئایدیای ناسنامەی نەتەوەیی دروست دەکرێت لەڕێگای بیرۆکەی جۆرێك لە هاوڵاتیبون و نیشتیمان پەروەریەوە کە

جیاوازی نەتەوە، ڕەگەز، کلتور وەلادەنێت و هەمووان لەکلتوری گشتدا دەتوێنێتەوە( Unal & Inac 2013). ناسنامەی نەتەوەیی لە سەر سێ بنەمای ئیتنیکی، کۆمەڵایەتی، فەرمی درستدەبێت و ئاماژەش بەوەدەکرێت کە ناسنامەی نەتەوەیی فەرمی لەسەر بنەمای هاوڵاتی یاسایی دروستدەکرێت، هەموو ئەو کەسانەی کە هەڵگری مافی هاوڵاتیبوونن لەخۆ دەگرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئیتنیک و کلتور و بنەمای تر (Kellas 1991). هەر لە سەرەتاوە پەروەردە ئەم جۆرە لە لێکچون و هاوچەشنیە دەهێڵێتەوە و پتەوی دەکات لە ڕێگای چاندنیانەوە لە مێشکی منداڵاندا (;Durkheim 1972 Tormey, 2006; Smith 1991). هەر ئەمەشە کە دەچێتە چوارچێوەی تیۆری بەکۆمەڵاتی بوون (Socialization)ەوە و وڵاتان لەڕێگای کەناڵە سەرەکیەکانی بەکۆمەڵایەتی کردنەوە (بەتایبەتیش قوتابخانەکان) هەوڵی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی دەدەن لای ئەندامانی کۆمەڵگا.

ناسنامەی نەتەوەیی یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکان و زانایان تا ئێستا بۆچوونێکی هاوبەشیان نیە لەسەر پێناسەکردنی، بەڵام بە گشتی ئەوە دیارە کە ناسنامەی نەتەوەیی بریتیە لە هەموو ئەو بەها ماددی و مەعنەویانەی کە کۆی ژیانی نەتەوەیەك پێك دێنن. هەروەك چۆن کلتوری نەتەوەیی ناسنامەی نەتەوەیی دروست دەکات، ئاواش هەموو توخم و ڕەگەزەکانی ناو کلتور(زمان، ئایین، ئاڵا، مێژوو، شێوازی ژیان، دیزایینی بینا، مۆسیقا، داب و نەریت)یش ناسنامەی نەتەوەیی دیاری دەکەن (Wodak, Cillia and Reisigl 1999). بە ڕای Smith جۆرێکی ناسیۆنالیزم ڕەگەزی مەدەنی و ئیتنیکی لەخۆدەگرێت بە پلە و فۆرمی جیاواز(1991). هەندێک کات لایەنە مەدەنی و هەرێمایەتیەکە وەکو شوێنی نیشتەجێبوونی هاوبەش زاڵە، هەندێک کاتیش زیاتر جەخت لەسەر رووە ئیتنیکی و نەتەوەیەکە دەکرێتەوە. بە بۆچوونی Smith ئەم دوو ڕەگەزە لە پێکهاتەی ناسیۆنالیزم دەبێتە هەوێنی دیاریکردنی دوو مۆدێل لە ناسنامەی نەتەوەیی. مۆدێلی یەکەم کە بە مۆدێلی مەدەنی- زەمینی (خۆرئاوایی) (Civic-territorial model ) دەناسرێت، کە ڕەگەزە پێکهێنەرکانی بریتین لە پێکهاتەیەکی یاسایی سیاسی کۆمەڵایەتی لە جوگرافیایەکی هاوبەش، کلتوری هاوبەش، ئایدیۆلۆژیای مەدەنی هاوبەش. ئەمەش پێچەوانەیە لە گەڵ مۆدێلی دووەم کە بە مۆدێلی ئیتنیکی- جینالۆجی (ناخۆرئاوایی) (Ethnic-genealogical model) دەناسرێت. ناسنامەی نەتەوەیی لەم مۆدێلەدا لەسەر بنەمای ڕەچەڵەکی هاوبەش، ئیتنیک، پەیوەندی خوێنی دروستدەبێت، لە مۆدێلی دووەمدا بە تەواویی پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەی تاک دەکرێت هەرچەندە بکەوێتە دەرەوەی نەتەوەکەوە.

لە دونیای ئەمڕۆدا ناسنامەی نەتەوەیی گوزارشت لە ناسنامەی بنچینەیی و بنەڕەتی دەکات و ئەو ناسنامەیەیە کە پێناسەی سەرەکی تاك دەكات. لەکاتێکدا ناسنامەکانی تر دەتوانین بڵێین دەگۆڕدرێن ئەگەر بەڕادەیەکی کەمیش بێت یان بە مانایەکی تر بە ناسنامەی پلە دوو حسابیان بۆ دەکرێت (Greenfeld 1996) ئەمەش هاوتایە لەگەڵ بۆچونی Smith کاتێك دەڵێت ناسنامەی نەتەوەیی سەرەکیترین شێوەی ناسنامەی دەستەجەمعیە، هەستی تاکەکان هەرچی بێت، ناسنامەی نەتەوەیی مەرجی سەرەکی دەستەبەر دەکات پەیوەست بەکلتورو ناسنامەوە، هەروەها تیشك دەخاتە سەر چالاکیە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان(1991 ). بەڵام توێژەرانی تر باوەڕیان وایە کە ناسنامەی نەتەوەیی پرۆسەیە و بەردەوام لە پێناسەکردن و دوبارە پێناسەکردنەوەدایە(Schlesinger 1987). ناسنامە بەگشتی دابەش دەبێت بۆ ناسنامەی پێدراو و بەدەست هێنراو( Granted and Gained identities). لەم چوارچێوەیەدا ناسنامەی نەتەوەیی دەچێتە خانەی ناسنامەی پێدراوەوە بەڵام لەڕێگای پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بونەوە دروست دەکرێت و برەوی پێ دەدرێت ( Unal & Inac 2013).

Ernest Gellner یەکێکە لەو تیۆریستانەی کە باس لە پەیوەندی نێوان سیستەمی پەروەردە و ناسنامەی نەتەوەیی دەکات. بەپێی لێکدانەوەکانی ئەم تیۆریستە، لەکاتی وەرچەرخانی کۆمەڵگا لە کشتوکاڵیەوە بۆ پیشەسازی، کلتورێکی

بالا(High Culture) پێویستە کە زەمانەتی پاراستنی نەتەوە بکات. ئەوەی کە ئەم کلتورە باڵایەش دەستەبەر دەکات بریتیە لە سیستەمی پەروەردە. بەم شێوەیە دەکرێت بووترێت ئەوە پەروەردەیە کە زەمانەتی پاراستنی نەتەوە دەکات (Gellner and Ernest 1983). ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وای کردبێت کە وڵاتان و حکومەتەکان پەنا ببەنە بەر سیستەمی پەروەردە وەك یەکێك لەئامرازەکان بۆ دروستکردن و پەروەردەکردنی تاکی نەتەوەیی (Darr 2011) . لە ئیماراتی عەرەبی حکومەت بە باشی لەڕۆڵی سیستەمی پەروەردە و قوتابخانەکان گەیشتووە لە دروستکردن و گەشەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی و کلتوری. هەر بۆیەش پلان و بەرنامەی تایبەتی هەیە لەلایەك هاوڵاتیەکی ئیماراتی دروست بکات، لەلایەکی تریشەوە هاوڵاتیەك بن لە سەردەمی دروستکردنی ناسنامەی جیهانیدا هاوڵاتیەکی جیهانی بن ( Abu Dhobi Education Council 2014). مێژووی سوود وەرگرتن لە سیستەمی پەروەردە بۆ دروستکردن و گەشەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکان ئەو کاتەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەبێت و لەڕێگای وەزارەتی پەروەردەوە هەوڵی دروستکردنی تاکێکی نەتەوەیی دەدرێت (Abdulla 2009).

زمان و ناسنامەی نەتەوەیی:

بەکارهێنەرانی زمان تێگەیشتنێکی تایبەتیان هەیە بۆ زمان و بەکاربردنی. تێگەیشتنەکەش لە بەها و پێگە و خاوەندارێتی زمانەکەوە سەرچاوە دەگرێت. لە لایەکەوە بەکارهێنانی زمان لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە دەبێت، لە لایەکی تریشەوە ئەم تێگەیشتنە ڕێنوێنی بەکارهێنەری زمانەکە دەکات لە رەفتار و پەیوەندییەکانیدا. ئەم تێگەیشتە لە زمان Blommaert (2006) بە ئایدیۆلۆژیای زمان ناویدەبات. زمان دروستکەری واقیعە وەک لەوەی رەنگدانەوەی واقیع بێت، ئەمە ناوەرۆکی ئەو گوتارەیە کە کاریگەری گرنگی زمان لەسەر بیرکردنەوەی قسەکەرەکەی پێکدێنێت(Pavlenko 2003). بۆیە لە ناو پرۆسەی پەروەردەشدا تێگەیشتنی مامۆستا بۆ زمان نەک تەنها وەکو سیستەمێکی زمانەوانی بەڵکو وەکو ئەزمونێکی کۆمەلایەتی کە تیایدا ئەزمونەکان رێکدەخرێن و ناسنامەکان گفتوگۆ دەکرێن گرنگە. دانپێدانانێک هەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر وەبەرهێنان نەکرێت لە فێرخوازی زمان لە رێگای پراکتیکی زمانەوە لە هۆلی خوێندن، ئەوا ئەنجامی فێربوونەکە سنوردار ئەبێت (Norton 2013).

هەندێك لەتوێژەران نەتەوە کورت دەکەنەوە لە زماندا. ئەو تیۆریایەش کە پاڵپشتی ئەم بۆچونە دەکات بریتیە لەتیۆریای ئەڵمانی (زمان-نەتەوە). لایەنگرانی ئەم تیۆریایە پێیاین وایە کە یەکێتی زمان دەبێتە هۆی دروستکردنی لێکچون لە بیرکردنەوەی خەڵکیدا، دواتریش دەبێتە هۆی خوڵقاندنی هۆشیاری ئینتیما بۆ کۆمەل و هەستکردن بە یەکێتی بەرژەوەندی و...هتد. لەبەرانبەر ئەم بۆچونەدا هەندێکی تر پێیان وایە کە ئەگەر زمان تاکە بنەمای نەتەوە بوایە دەبوو هەموو ئەو گرووپ و کۆمەڵ و وڵاتانەی کە زمانێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە یەك نەتەوەیان پێك بهێنایە (Ali 2004).

هەر پەیوەست بە زمان و نەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە هەر زمانێك کلتوری تایبەت بە نەتەوەکەی خۆی هەڵگرتووە. لە ڕێگای خوێندن بە زمانی دایکەوە کلتوری ئەو کۆمەڵگایە بۆ نەوەی داهاتوو دەگوازرێتەوە. بەپێچەوانەشەوە خوێندن بە زمانی بێگانە گواستنەوەی کلتوری نەتەوەیی پەك دەخات(Abdulla 2009).

پەیوەندییەکی هەستپێکراو هەیە لە نێوان خوێندن بە زمانی بێگانە یان فێربوونی زمانی بێگانە لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی. لە هەندێک وڵات وەکو روسیا لە دانانی سیاسەتی پەروەردەیی بۆ فێربوونی زمانی بێگانە، کە لەم وڵاتەدا هاندان هەیە بۆ فێربوونی زمانی بێگانە، ئاسایشی نەتەوەیی لەبەرچاو گیراوە، هەروەها لە وتنەوەی بابەتەکاندا هەوڵی پەیوەستی فێرخواز بە ئایدیای کۆمۆنیستی نێودەوڵەتیەوە دراوە (Pavlenko 2003).

Clemente and Higgins (2009) لە توێژینەوەیەکی ئیتنۆگرافیدا لە شاری (Oaxaca) لە مەکسیک ئەوەیان روونکردۆتەوە کە چۆن ئەو مامۆستایانەی کە کۆرسی زمانی ئینگلیزی دەڵێنەوە توانیویانە ڕێگایەکی گونجاو بگرنەبەر لە وتنەوەی زمانی ئینگلیزی بەبێ ئەوەی ناسنامەی لۆکاڵی خۆیان و قوتابیەکانیان بکەنە قوربانی. لە توێژینەوەکەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەو بۆچوونەیان لای قوتابیەکانیان دروستکردوە کە فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەکو پێداویستیەکی پەیوەندیکردن لە گەڵ کلتور و نەتەوەکانی تر سەیردەکرێت لەگەڵ پاراستی زمان و ناسنامەی خۆیان. هەروەها ئەوەش دەرکەوتووە کە فێربوونی زمانی ئینگلیزی یەکسان نیە بە وەرگتنی ئەو کلتورەی کە زمانەکە هەڵیدەگرێت.

لە کوردستانی عێراق خوێندن بە زمانی کوردی هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە تاکو بووە بە زمانی ڕەسمی لە قوتابخانەکاندا. دوای بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی، ڕەوش و ئاستی خوێندەواری لە کۆمەڵگای کوردستان بەرەو باشتر چووە (Abdulla 2009).

پرۆگرامەکانی خوێندن و ناسنامەی نەتەوەیی:

یەکێك لەو ئامرازانەی کە لە سیستەمی پەروەردەدا بەکار دەهێنرێت بۆ دروستکردن و گەشەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی بریتیە لە پرۆگرامەکانی خوێندن. بە بڕوای Kim (2004) کاتێ دەمانەوێت لە تایبەتمەندیەکانی ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەیەك تێبگەین، باشترین ڕێگا بتوانین بەکاری بێنین بریتیە لە هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندنی نیشتیمانی. توێژەران باس لە ڕۆڵی تایبەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن پەیوەست بە ڕەنگدانەوەی ناسنامە و کلتوری نەتەوەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا (Wyse 2008; Kim 2004).لەگەڵ ئەوەی بابەتە نەتەوایەتیەکان دەکرێت لەسەرجەم وانەکان ڕەنگ بدەنەوە و وجودیان هەبێت، بەڵام ئەوە بابەتی مێژووە بە تایبەتی کە ڕۆڵ دەگێڕێت لە دروستکردن و پاراستنی نەتەوە( Phillips et al. 1999).

ناسنامەی نەتەوەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندنی وڵاتان بە فۆرم و شێوازی جیاواز ڕەنگیداوەتەوە و بۆ داڕشتن و دیاریکردنی سروشتی ئەم ناسنامەیە بنەمای جیاواز لە بەرچاوگیراوە. سیاسەتی پەروەردەیی یابان بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کە بە (Monbusho) ناودەبرێت لە سەربنەمای ڕێز (Respect) و خۆشەویستی (Love) بونیادنراوە. بنەمای یەکەم لە ڕێگای هاندانی قوتابی بۆ ڕێزگرتن لە زمان و مێژوو و کەسایەتی و کلتور و نەریتی نەتەوەیی بەدیدێت. هەرچی بنەمای دووەمیشە لە ڕێگای هەست بەخۆکردنی قوتابی وەکو یابانیەک و ڕێزگرتنی وڵات و هەوڵدان بۆ بەدیهاتنی ئاشتی و پێشکەوتن و پەرەپێدانی کلتور دەچەسپێت. پرۆگرامی زمانی نەتەوەیی لە قوتابخانەکانی یابان بەشێکی بنچینەیی تەرخانکراوە بۆ مەعریفەی نەتەوەیی کە دەبێت قوتابی فێری بێت. ئەم مەعریفەیەش ئەدەب و مۆسیقا و هونەر و مێژوو و دەستوری نەتەوەیی دەگرێتەوە. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتی پەروەردەیە بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە توێژینەوەکەی Parmenter (1999) بە روونی دەردەکەوێت کاتێک قوتابیان پرسیاری ئەوەیان لێدەکرێت کە ئاستی یابانی بوونی خۆیان لە نێوان(١-٥) دیاریبکەن، ٧٠٪ قوتابیان ئاستی ٤ و ٥ دیاریدەکەن هۆکارەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە لە یابان لە دایک بوونە و پەروەردە بوونە و پەیوەندییەکی خوێنی دەیانبەستێتەوە بە یابانەوە،هەروەها بەلایانەوە یابانی بوون پێدراوێکی پێشوەختە و فاکتەرێکی نەگۆڕاوە.

لە توێژینەوەکەیدا Wyse (2008) لە ڕێگای چاوپێکەوتنی لەگەڵ مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە پرۆگرامی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئامرازێکی باشن بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەویی و کلتوری لە وڵاتی مالی . لەم چوارچێوەیەشدا ڕۆڵی مامۆستا گرنگە بۆ جێ بەجێکردنی پرۆگرامەکان و دروستکردنی ناسنامە. لە وڵاتێکی وەکو چین ناسنامە و کلتوری چینی بە باشی ڕەنگی داوەتەوە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ( Darr 2011). لە وڵاتی فلیپین کاتێك سیاسەتمەداران و پەروەردەکاران هەستیان کرد کە هەستی نەتەوایەتی لای قوتابیان لاوازە، یەکسەر

دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە چۆنیەتی دانانی ئەو پرۆگرامانەی کە هەستی نەتەوایەتی بەهێز دەکەن لای قوتابی. هەر بۆیەش لە ساڵی ١٩٨٩ پرۆگرامێك دادەنێن لە ژێر ناوی پەروەردەی ئەخلاقی (Almonte 2003).

لە تورکیا گرنگیدانێکی لە ڕادەبەدەر بەنەتەوەی تورك و ناسنامەی نەتەوەیی لەپرۆگرامەکانی خوێندندا هەیە. بەجۆرێك کە تورك بوون تاکە ناسنامەی نەتەوەییەو گرنگیەکی ئەوتۆ بەکەمینەکان نەدراوە (İnce 2012) لە بەحرەمین بەهێزی ئینتیمای قوتابیان بۆ وڵات و کلتوری کۆمەڵگاکە بەستراوەتەوە بە ئەو هەموو تەرکیزەی کە پرۆگرامەکانی خوێندن دەیکەنە سەر دروستکردنی تاکێکی بەحرەینی کە وڵاتەکەی و کلتوری وڵاتەکەی خۆش بوێت (Eid 2015).

پرۆگرامەکانی خوێندن و ئەو بابەتانەی کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێندران لەسەردەمی بەعسدا لەعێراق و ناوچەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا ئەوەیان پێوە دیاربوو کە دەیانویست ناسنامەی عەرەبی لای قوتابیان دروست بکات لە کاتێکدا کورد وەك نەتەوەیەك لە ناو بابەتەکانی خوێندندا بزربوون. هەر بۆیەش لەبەر گرنگی ڕۆڵی پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی دەبینین پاش دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆربەی بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندن دەگۆڕدرێن، بەتایبەتیش وانەکانی وەك مێژوو، پەروەردەی نیشتیمانی، و جوگرافیا...هتد. بەڵام سەرەڕای ئەم گۆڕانکاریانەش توێژەر ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە بابەتەکانی خوێندن لە قوتابخانەکان نەیانتوانیوە ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن لە گەشەپێدانی زانیاری نەتەوەیی لای قوتابیان و تەنانەت هەبوونی قوتابخانەی بیانی لەهەرێمی کوردستان جۆرێك لەمەترسین بۆ سەر کلتور و ناسنامەی نەتەوەیی (Abdulla 2009).

جیهانگیری و ناسنامەی نەتەوەیی:

توێژەران بە پێویستی دەزانن کە پەروەردە وەڵامدەرەوەی دیاردە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیە نوێیەکانی وەکو نێونەتەوەی و جیهانگیری بێت لە سەدەی ٢١دا. کۆمەڵگایەک کە لە قۆناغی گۆرانکاریدایە پێویستی بە ناسنامەی نوێ هەیە. لەم قۆناغەدایە کە فۆرم و گرنگی و بوونی پەروەردەیەک بۆ ناسنامەی نەتەوەیی دووبارە دادەرێژرێتەوە (Parmenter1999)

توێژەران وەك بەشێك لە سیماو ئادگاری سەردەمی نوێ باس لە ناسەقامگیری ناسنامە و داهێنانی بەردەوامی ناسنامەی کۆن و نوێ دەکەن و پێیان وایە کە ناسنامەی نەریتی وئیتنیکی هەڵدەوەشێنرێتەوە و بونیاد دەنرێتەوە(Resnik 2006). پەیوەست بەکاریگەری جیهانگیری لەسەر ناسنامەی کلتوری و نەتەوەیی، ئاڕاستەی قوڵبونەوەی جیاوازی کلتوری بەپێچەوانەی ئەو بانگەشەیەی کە جیهانگیری دەیکات زۆر زیاترە لە ئاڕاستەی بەرەو لێکچوونی کلتوری(Wieviorka 1998). بە پێچەوانەی ئەم بۆچونەشەوە، بە هۆی کاریگەری جیهانگیریەوە و ئەو تێکەڵاویە کلتوریەی کە دروست بووە لە سەردەمی نوێدا، هەندێك لە توێژەران بڕوایان وایە کە ڕەنگە لە ئایندەی نزیکدا دەست لە ناسنامەی نەتەوەیی و لۆکاڵی و هەرێمی و ئیتنیکی خۆمان بەربدەین و بە ناسنامەیەکی جیهانی پێناسەی خۆمان بکەین( Unal and Inac 2013).

Pike(2000) پێی وایە مامۆستا لە ناو پەروەردەیی جیهانیدا (Global education) هەڵگری کلتوری پەروەردەی جیهانیە. یەکێک لەو مانایەی کە ئەم جۆرە پەروەردەیە هەیەتی ،کە گرنگتیریشیانە، بریتیە لەو فرە تێروانینەی(Multiple-perspective) کە ئەم پەروەردەیە دەیبەخشێت بە قوتابی . ئەو زانیاری و شیکردنەوانەی کە دەدرێت بە قوتابی وا لە قوتابی دەکات بچنە ئەو دیوی سنورە لۆکاڵی و نەتەوەییەکان بۆ بیرکردنەوە و ئاواتەکانیان. بنەمایەکی تری ئەم پەروەردەیە بریتیە لە سەیر کردنی بەرژەوەندی هاوبەشی مرۆڤ لە سەر زەوی بە گشتی، لەو رووەشەوە گەشەسەندنی تاک، نەک پەرەسەندنی نەتەوە ئامانجی سەرەکیە. Pike هەروەها ئەم تایبەتمەندییە بە روونی لە هەردوو سیستەمەی پەروەردەی بەریتانیا و کەنەدا دەبینێت.

وەك دەرەنجامێكی بەجیهانیكردنی مۆدێلەكانی پەروەردە، گوتاری فرەكلتوری خزێنرایە ناو سیستەمی پەروەردەوەو جێی كرایەوە لەناو سیستەمی پەروەردەی وڵاتاندا. باشترین نمونە بۆ ئەمەش ئەزموونی

وڵاتێكی وەك ئیسرائیلە كە بەجیهانیكردنی پەروەردە كاریكردە سەر سیستەمە پەروەردەییەكەی و وایكرد ئەو تەركیزەی كە پێشتر لەسەر ئایدۆلۆژیای یەك نەتەوە بوو لا بچێت و دەرگا بۆ دروستكردنی قوتابخانەی فرەكلتوری بكرێتەوە (Resnik 2006).

Chnar (2009) لەتوێژینەوەكەیدا بەو ئەنجامە گەیشتوە كە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی كوردستان كەوتووەتە بەرگاریگەری ئەو ڕێبازە پەروەردەییە مرۆڤ دۆستە جیهانیەی كە زۆربەی وڵاتە پێشكەوتوو و دیموكراتخوازەكان بانگەشەی بۆ دەكەن. ئەمەش لەبەرئەوەی كەمتر گرنگی بەلایەنی نەتەوەیی و نیشتمانیەكان دراوە لە كاتێكدا نەتەوەی كورد و هەرێمی كوردستان هێشتا مەترسی تێكدان و هەڕەشەی هەرێمایەتی وڵاتانی دراوسێی لەسەرە. ئەو پێی وایە كە ڕەوشی پەروەردەی ئەمڕۆ لە هەرێمی كوردستان بەجۆرێكە كە ئاسان نیە بتوانێت نەوەیەكی نەتەوەخواز و نیشتیمان پەروەر دروست بكات، ئاشنا بەكلتوری كۆمەڵگای كوردی و خاوەن زانیاریەكی بەرزی نەتەوەیی بێت.

میتۆد و داتای توێژینەوە:

هیچ میتۆدێكی توێژینەوە نیە كە بە تەواوی ڕاست یان هەڵە بێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی زانستی، بەڵكو شیاوی زیاتر یان كەمتری میتۆدێک بۆ پرسیاری توێژینەوەیەک بڕیار لەسەر ئەوە دەدات كە كام میتۆد بەكاربهێنین (Silverman 2013). پاساوی زانستی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بە میتۆدی چەندایەتی یان چۆنایەتی بریتیە لە سروشتی ئەو پرسیارانەی كە لە توێژینەوەدا دەخرێنە ڕوو (Vanderstoep and Johnston 2009). لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرسیارانەی كە ئەم توێژینەوەیە دەیانخاتەڕوو بۆ زانینی ئاستی گرنگی پێدان و ڕەنگدانەوەی ناسنامە و كلتوری نەتەوەیی لە قوتابخانە بیانیەكان و بۆ بەدی هێنانی ئامانجەكانی توێژینەوەكە میتۆدی چۆنایەتی بەكارهێنراوە چونكە توێژینەوەی چۆنایەتی وەسف و شیكردنەوەیەكی ورد دەدات بە ئەزمونە مرۆییەكان (Marvasti 2004). ئەو زانیارانەی كە لەم توێژینەوەیەدا بەكارهێنراون و شیكراونەتەوە لە ڕێگای چاوپێكەوتنی نیمچە ڕێكخراو(Semi-Structured Interview) كۆكراونەتەوە. ئەم جۆرەش لە چاوپێكەوتن ئامرازێكە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و لەزۆربەی توێژینەوەی چۆنایەتیدا بەكار دەهێنرێت . لە ڕێگای چاوپێكەوتنی كەسانی جیاوازەوە توێژەر ڕوانگە جیاوازاكان و فرە تێگەیشتنەكان لە ڕووانگەی بەرژەوەندی و تێگەیشتنی ئەو كەسانە دەدۆزێتەوە كە دەبنە بابەتی توێژینەوەكە (Marvasti 2004; DiCicco & Benjamin 2006). (١٦) چاوپێكەوتن لەگەڵ (٤) بەڕێوەبەر و (٥) مامۆستا و (٧) دایك و باوكی قوتابی ئەنجامدراوە كە لە (٦) قوتابخانەی جیاواز بوون . بەپێی ستانداردی ئەو توێژینەوانەی كە چاوپێكەوتنی تێدا بەكارهێنراون، ئەم ژمارەیە لە چاوپێكەوتن گونجاوە بۆ بەدەست هێنانی باس(Theme) ی دیاریكراو لە چاوپێكەوتنەكانەوە (Baker, Edwards and Doidge 2012). گرنگترین ئەو پرسیارانەی كە ئاڕاستەی بەشداربوان كراون لەم توێژینەوەیەدا پەیوەست بوون بە (١) شوێن و پێگەی ناسنامەی كلتوری كوردی لە فەلسەفەو پرۆگرامەكانی قوتابخانە بیانیەكان، (٢) گرنگیدان بە ناسنامە و كلتوری كوردی لە بۆنەو چالاكیەكانی ناو قوتابخانە بیانیەكان، (٣) ڕۆڵی قوتابخانە بیانیەكان لە دروستكردنی ناسنامەی نەتەوەی و گەردوونی.

توێژەران باس لەوە دەكەن كە وەرگرتنی نموونە لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا لە دەوری بیرۆكەی نموونەی مەبەستدار(Purposive sampling ) و تەكنیكی نموونەی نائەگەری (Nom-random sampling) دەسوڕێتەوە( Vanderstoep & Johnston 2009). یەكەكانی توێژینەوەش لەسەر بنەمای ئەوە هەڵدەبژێردرێن كە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە پرسیاری توێژینەوەكەوە هەبێت (Bryman 2012). لەم چوارچێوەیەدا نمونەی توێژینەوەكە

بەشێوەیەکی مەبەستدار لە (٦) قوتابخانەی بیانی لەشاری هەولێر وەرگیراون چونکە هەولێر پایتەختی هەرێمەو بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە وێبسایتی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەرگیراون زۆرترین قوتابخانەی بیانی لەشاری هەولێرە. یەکەکانی نمونەکەش بەشێوەیەکی مەبەستدار لە بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانە بیانیەکان و ئەو دایك و باوکانە هەڵبژێردراون کە منداڵەکانیان لەو قوتابخانانە دەخوێنن و ئاستێکی دیاریکراو لە هۆشیاری نەتەوەییان هەیە. هەڵبژاردنی ئەم کەسانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بابەتی ئەم توێژینەوەیەوە و گونجاوترین کەسن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە. بەمەبەستی پاراستنی زانیاری کەسی، ناوی خوازراو بۆ بەشداربووانی تویژینەوەکە بەکارهێنراوە. هەر لە سەرەتاوە لەوەش ئاگادار کراونەتەوە کە بەشداریکردنیان ئارەزوومەندانەیە و ئەوانیش خۆبەخشانە بەشداریان کردوە لەتوێژینەوەکەدا. چاوپێکەوتنەکان لەو شوێنانە ئەنجامدراون کە بەشداربووەکان دیاریان کردووە. ئەو شوێنانەی کە چاوپێکەوتنەکانیان تێدا ئەنجامدران بریتی بوون لە قوتابخانەکان و ماڵی بەشداربووان و شوێنی کارکردنی دایك و باوکەکان. تێکڕای کاتی خایەنراو بۆ چاوپێکەوتنەکان ٢٠ خولەك بوو. پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی بەشداربووان، چاوپێکەوتنەکان بەشێوەی دەنگی تۆمارکران. تەکنیکی شیکردنەوەی باس (Thematic Analysis) وەك تەکنیکێکی گونجاو بەکارهێنراوە بۆ شیکردنەوەی زانیاریە تۆمارکراوەکان. ئەم جۆرە لە شیکردنەوە لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا ئەنجام دەدرێت (Neuman 2014) و ئامانجیش لە ئەنجامدانی بریتیە لە دروستکردنی مانا لەداتای چۆنایەتیدا (Silverman 2013). پاش نوسینەوەی هەموو چاوپێکەوتنەکان، پرۆسەی کۆدکردنیان بۆ ئەنجامدراوە و ئەو باسە (Theme) سەرەکیانە دیاریکراون کە لە زۆرینەی چاوپێکەوتنەکان دووبارەبوونەتەوە و سەرنجی توێژەرەکانیان ڕاکێشاوە.

ئەنجام و شیکردنەوە:

لە ئەنجامی داتاو زانیاریی کۆکراوە پێنج باس(Theme) ی سەرەکی دەرکەوتن کە بوونەتە چەقی شیکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە.ئەوانیش بریتین لە ١) زمان، ٢) پرۆگرامی خوێندن ،٣) ناسنامەی نەتەوەیی لە فەلسەفەی پەروەردەی قوتابخانە بیانیەکان ٤)پابەندییان بە ڕێساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. ٥) ڕۆڵی خێزان لە دروستکردنی ناسنامەی کلتوری و نەتەوەیی. لەڕێگای ئەم پێنج باسەوە هەوڵ دەدەین چوارچێوەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بخەینەڕوو و سروشتی ڕەنگدانەوەی ناسنامە و کلتوری کوردی لە قوتابخانە بیانیەکان لە شاری هەولێر پیشان بدەین.

١. زمان:

زمان بە سەرمایەیەکی گرنگی نەتەوە و میللەتان دادەنرێ، بنچینەیەکە بۆ سەلماندنی نەتەوە (Ali 2004). لەم توێژینەوەیەدا زمان وەک بەشێک لە ناسنامە مامەڵەی لەگەڵ کراوە. لە کاتێکدا هەندێک لە توێژەران خوێندن بە زمانی بێگانە بە مەترسی دەزانن بۆ سەر ناسنامە و کلتوری نەتەوە (Abdulla 2009)، بەڵام لە کوردستاندا دەرفەتێکی کراوە بۆ کردنەوەی قوتابخانەی بیانی بە زمانی جیاجیا هەیە. بۆیە هەوڵ دەدەین لە سێ وردە باس(Sub-Theme)دا گەنگەشەی زمان بکەین. ئەوانیش؛

١.١. زمان وەك سەرمایە بۆ داهاتووی منداڵ:

زمان وەک سەرمایە بۆ داهاتووی منداڵ یەکێکە لەو وردە باسانەی کە لە چاوپێکەوتنەکانەوە بەدەرکەوتووە. بەشداربووان بە گشتی و دایک و باوکان بە تایبەتی ئاماژە بەوە دەکەن کە فێربوونی زمان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و جۆرێکە لە

گەرەنتی بۆ داهاتووی منداڵەکانیان. دایک و باوکان وای دەبینن کە خوێندن لەو قوتابخانە بیانیانە فێربوونی زمان وەک سەرمایەیەک بۆ داهاتووی منداڵەکانیان دەستەبەر دەکات.

بۆ نمونە، ئاراس کە دوو منداڵی لە قوتابخانەی (C) دەخوێنن دەڵێت:

> "کاتی خۆی ئێمە ماڵمان لەسلێمانی بوو، زۆرینەی ئەو قوتابخانانەی کە کرانەوە بە زمانی ئینگلیزی بوون. هەستم کرد بۆ داهاتووی مندالەکانم زمانی ئنگلیزی گرنگە لەم هەرێمەی خۆمان."

بە سەرنجدان لە وتەکانی ئەم باوکە ئەوە دەردەکەوێت کە کردنەوەی قوتابخانەی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا دەرفەتێک بوو بۆ دایکان و باوکان ئەگەر بیانەوێت سەرمایەگوزاری لە پەروەردەی مندالەکانیاندا بکەن. بە تایبەتیش دەرفەتی فێربوونی زمانی دووەم. بە ڕوونی ئەوەش دیارە کە بۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باش منداڵەکەی ناردووە بۆ قوتابخانەی بیانی چونکە پێی وایە کە زمانی ئنگلیزی لە داهاتووی کوردستان گرنگ دەبێت و جۆرێکە لە سەرمایە و پێویستە منداڵەکانی ئەمیش ئەو سەرمایەیەیان هەبێت.

هەمان ئاماژە بۆ فێربوونی زمانی بیانی لە وتەکانی باوکێکی تر بە ناوی (ئازاد) کە منالەکەی لە قوتابخانەی (F)ە بەدی دەکرێت کاتێک باس لە زمان دەکات وەک پاڵنەرێک بۆ ناردنی کوڕەکەی بۆ قوتابخانەیەکی بیانی. ئەو دەڵێت:

> "مناڵەکەت بنێری بۆ شوێنێکی وەها، فێری زمانی دووەم بێت، ئامانجی من لە ناردنی کوڕەکەم ئەوە بووە کە زمان فێربێت. ئەمساڵ ٢ جار سەردانیشم کردوون و پێم وتوون فێری زمانی فەرەنسی و زمانەکانی تریش بێت. پێم وتوون کە پەیوەندی لەگەڵ مامۆستا فەرەنسیەکان هەبێ باشترە بۆئەوەی زمان فێربێت. با وەک ئێمەی لێ نەیەت کە فێری هیچ زمانێک نەبووین. سەرەڕای ئەمانە ئازادی هەیە کە بە کوردی قسەبکات بەڵام بەڕای من با بەس بە فەرەنسی قسان بکات و باش فێری ببێت".

ئەم باوکە لەوە دەچێت لە گرنگی فێربوونی زمانی بیانی تێگەیشتبێت بۆیە جۆرێک لە پەرۆشی بۆ منداڵەکەی هەیە لەوەی کە فێری زمانێکی بیانی بێت. ڕادەی پەرۆشی ئەم باوکە لەوەدا دەردەکەوێت کاتێک باس لەوە دەکات کە منداڵەکەی پێویستە سوود لە هەموو دەرفەتێک ببینێ بۆ باشتر فێربوونی زمانی فەڕەنسی و ئەم ئاماژەیەش لەوەدا دیارە کە هانی منداڵەکەی دەدات کە پەیوەندی لەگەڵ مامۆستای بیانی دروست بکات لە پێناو باشتر فێربوونی زمانێکی بیانی. ئەوەی جێگای سەرنجە لە وتەکانی ئەم باوکەدا ئەوەیە کە ئەوەی خۆی بەدەستی نەهێناوە دەیەوێت لە منداڵەکەیدا بەدی بێنێت کە بریتیە لە فێربوونی زمانی بیانی. هەر ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ تێگەیشتن لە گرنگی زمانی بیانی لای ئەم باوکە. سەرەڕای ئەمانە ئەم باوکە قسەکردن بە زمانی بیانی بە باشتر دەزانێت لە قسەکردن بە زمانی کوردی لە پێناو باشتر فێربوونی زمانێکی بیانی. ئەمەش دەکرێت وا لێک بدرێتەوە کە ئەو وەکو باوکێک قسەکردن بە زمانی بیانی بە مەترسی نازانێت بۆ سەر زمانی کوردی.

هەر پەیوەست بە هەمان بابەتەوە (هێمن) کە مندالەکەی لە قوتابخانەی (E) دەخوێنێت باس لەوە دەکات کە لەبەر فێربوونی زمان منداڵەکەی ناردووە بۆ قوتابخانەی بیانی. هەروەک دەڵێت؛

> " فێربوونی زمان لە قوتابخانە حکومیەکان ئەرکی زیاتر دەخاتە سەر دایک و باوک بۆیە منداڵەکەم ناردووە بۆ قوتابخانەی ئەهلی بۆ فێربوونی زمان".

له وتەکانی ئەم باوکەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم فێربوونی زمانی بیانی بەلاوە گرنگە. بە تێڕوانینی ئەم باوکە قوتابخانە حکومیەکان ناتوانن منداڵ فێری زمانی بیانی بکەن و ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر دایکان و باوکان، بەڵام هەبوونی قوتابخانەی بیانی دەرفەتی ئەوە بە دایکان و باوکان دەدات سەرمایەگوزاری لە فیربوونی زماندا بکەن لە منداڵەکانیاندا. ئەم گرنگیدانە بە زمانی بیانی و هەژمارکردنی وەک سەرمایەیەک بۆ منداڵەکان وای کردووە کە هەندێک لە دایکان و باوکان زیاتر تەرکیز بکەنە سەر زمانی بیانی وەک لە زمانی کوردی، ئەمەش لە قسەی مامۆستا(هەنگاو) لە قوتابخانەی (E)دا دەردەکەوێت کاتێک دەڵێت:

> "دایک و باوکی قوتابی هاتووە یەخەی مامۆستای ئنگلیزی دەگرێ و دەڵێ: مامۆستا چی بوو منالەکەم فێربوو؟ دەبێ فێربێت جوان! ناچێتە لای مامۆستای کوردی چونکە وا دەزانێ کوردیەکە خۆی فێردەبێ. لە کاتێکدا قوتابیم هەیە کوردی باش نیە چونکە مامۆستاکە ئەوەندە بایەخی پێنادات و دایک و باوکیشی وا دەزانن تەواو دەزانێ."

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دایکان و باوکان هێندەی پەرۆشن منداڵەکانیان فێری زمانی بیانی ببێت، ئەوەندە خەمی زمانی کوردیان نیە. ئەمەش دەکرێت وا لێک بدرێتەوە کە دایکان و باوکان دڵنیان لەوەی کە زمانی کوردی زمانی خۆیانە و پارێزراوە، لە کاتێکدا توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە زمانی دایک دەکەویتە بەر هەڕەشە ئەگەر زمانی خوێندن زمانێکی بیانی بێت (Abdulla 2009).

ئەوەی کە وەکو دەرەنجامێک پێی گەیشتین لێرەدا ئەوەیە کە دایکان و باوکان بەوپەڕی ئاگاییەوە سەرمایەگوزاری لە فێربوونی زمانی بیانی دەکەن لە منداڵەکانیاندا و هەبوونی قوتابخانەی بیانیش لە کوردستان ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندوون کە منداڵەکانیان بنێرنە ئەم جۆرە قوتابخانانە تاکو لەو ڕێگایەوە منداڵەکان فێری زمانی بێگانە ببن. هۆکاری ئەمەش ڕەنگە ئەوە بێت کە دەیانەوێت داهاتوویەکی باشتر بۆمنداڵەکانیان مسۆگەربکەن لە کاتێکدا دەزانن کە دەرفەتی کاری باشتر و پاداشتی زیاتر لە بازاڕی کاردا بۆ ئەو کەسانە زیاترە کە زمانی بیانی دەزانن. توێژەرانی تریش بە ڕوونی ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە زمان گرنگی تایبەتی هەیە لە بازاڕی کاردا (Dustmann and Fabbri 2003). ئەمەش ئەو ڕاستیە نیشان دەدات کە هەرێمی کوردستان جۆرێک لە کرانەوەی بە خۆیەوە بینیوە و بازاڕی کار پێویستی بە زانینی زمانی بیانیە، بەڵام ئەو مەترسیەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا دەربکەوێت ئەوەیە کە زمانی کوردی نەک تەنها لە قوتابخانەکاندا، بەڵکو لە بازاڕی کاریشدا تووشی جۆرێک لە پەراوێزخستن ببێتەوە.

٢.١. ئینگلیزی وەك زمانی دووەم و وەك زمانی زانست:

بە پێی ئەو سەردان و چاوپێکەوتنانەی کە کردومانە زۆربەی قوتابخانە بیانیەکان لە شاری هەولێر خوێندن تیایاندا بە زمانی ئینگلیزیە. زۆربەی ئەو دایک و باوکانەی کە چاوپێکەوتنمان لە گەڵدا کردوون منداڵەکانیان بە ئینگلیزی دەخوێنن. ئەم وردە باسە ئەوەمان بۆ دەردەخات لە کوردستاندا زمانی ئینگلیزی لە پلەی یەکەمی ئەو زمانە بیانیانە دێت کە قوتابی چاویان لە فێربوونێتی. سەرەرای ئەمەش ئەو بایەخدانە بەرچاوەی بەم زمانە دەدرێت لە ئاستی زانکۆ و ناوەندەکانی خویندنی حکومی و سەنتەرەکانی فێربوونی زمان و بواری گشتی تێگەیشتنێکی دروست کردووە لە لای زۆربەی دایک و باوکان لەسەر ئەم مەسەلەیە و پێیان وایە کە ئەوە زمانی ئنگلیزییە زمانی زانست و فێربوونە، بۆ نمونە، ئاراس کە دوو منالّی لە قوتابخانەی (C) دەخوێنن دەڵێت:

> "بەنسبەت ئەو زانستەی کە لێرە دەخوێندرێت لە قوتابخانەکان وتم ڕەنگە ئەو قوتابخانانە لەو ڕووەشەوە شتی باشتریان هەبێت بە زمانی ئنگلیزی......ئەو قوتابخانانە ڕۆڵی باش دەگێڕن لەڕووی

> زانستی و ئەکادیمیەوە. بەڕاستی ئاستی زانستی قوتابیەك لەو قوتابخانە نێودەوڵەتیانە زۆر بەرزترە لە ئاستی زانستی قوتابیەك لە قوتابخانە گشتیەکان.“

لێرەدا بەڕوونی دەبینین کە ئەو باوکە پێی وایە زمان و ئاستی زانستی قوتابخانە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە، گوێش بەوە نادا کە کوردی زمانی ڕەسەنە، بەڵام زمانی زانست نیە وەک زمانی ئینگلیزی. لە لای بەشیکی تر لە دایک و باوکان سەرەڕای ئەوەی ئەم زمانە زمانی زانستە، لە ئێستادا لە کوردستان ئەم زمانە بە زمانی دووەم دەبینرێت. هێمن منداڵەکەی لە قوتابخانەی (E) یە  دەڵێت:

> “' بۆیە منداڵەکەم ناردووە بۆ قوتابخانەی تایبەت کە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن  چونکە زمانی ئینگلیزی بووە بە زمانی دووەم لە کوردستان هەروەها زمانی زانستیشە"

بەشێکی تر لە بەژداربوانی توێژینەوەکە کە لە دەرەوە گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان ئاماژە بەوە دەدەن سەرەڕای گرنگی زمانی ئینگلیزی بۆمنداڵەکانیان کە پێشتر ئەو زمانەیان زانیوە، توانای منداڵەکانیان بۆ گونجان لە گەڵ ئەو سیستەمەش لەو قوتانخانانەدا هەیە بۆ پەروەردەو فێرکردن زیاترە وەک لە قوتابخانە حکومیەکان. بۆ نمونە باوکێک بە ناوی (ئاشتی) کە مناڵەکەی لە قوتابخانەی (A)یە و هۆکاری ناردنی منداڵەکەی بۆ ئەم قوتابخانەیە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ زمان دەگێڕەتەوە دەڵێت:

> "هۆکاری ناردنی مناڵەکەم بۆ قوتابخانەی ئەهلی زمانە، زمان واتا مناڵەکانم کێشەیان هەبوو لە هەڵکردن لەگەڵ قوتابخانە حکومی و سیستەمەکەیان دوای گەڕانەوەمان لە ئەوروپا. دەبوایە قوتابخانەیەک بدۆزمەوە کە لەگەڵیان بگونجایە، بۆیە دوای پرسیارو ڕاوێژ بە شارەزایانی پەروەردە بڕیارماندا بە ناردنیان بۆ قوتابخانەی (A). تێکرای بەرنامەی خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە، بۆیە ئێمەش ئەوەمان پێباش بوو و ناردنمان بۆ ئەوێ."

ئەو هۆکارانەی سەرەوە کە دایک و باوکەکان ئاماژەی پێدەدەن بۆ پاساوی ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی ئینگلیزی دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە خەمی فێربوونی زمانی ئینگلیزی چی وەکو زمانی دووەم لە کوردستان یان وەکو زمانی زانست بە لای ئەوانەوە بە پلەی سەرەکی دێت. دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە فێربوونی زمانی بێگانە و زمانی دووەم لە سیستەمی پەروەدەی زۆربەی وڵاتان ئاماژەی پێدراوە، بەڵام ئەم فێربوونە نابێت بە لاوازبوونی کلتور و ناسنامە و زمانی نەتەوەیی بکەوێتەوە (Pavlenko, 2003; Clemente, & Higgins, 2008). دایک و باوکەکان خاوەن تێروانینێکی ڕۆشن نین بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان زمانی دایک و زمانی ئینگلیزی. بۆ نموونە هیچیان ئاماژە بەوە نادەن کە بۆ دروستکردنی ئەم هاوسەنگیە چی هەوڵێکیان لەگەل منداڵەکانیان داوە کە بایەخ بە زمانی دایک بدەن، یان چۆن چاودێری منداڵەکانیان دەکەن بۆ زانینی ئاستیان لە زمانی کوردیدا. بەڵکو زیاتر باسی ئەوە دەکەن منداڵەکانیان سەیری فیلم ئینگلیزی و گوێ لە گۆرانی ئینگلیزی دەگرن. ڕەنگە ئەم شێوازە لە گرنگی دان بە زمانی ئینگلیزی لە دوور مەودادا بە زیانی پاراستنی ناسنامە و کلتوری نەتەوەی بکەوێتەوە.

٣.١. بایەخ دان بەزمانی کوردی:

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە پلانی خۆی هەوڵدەدات خوێندنی زمان و مێژوو و جوگرافیای کوردستان و کورد بەشێک بێت لە پڕۆگرامی خوێندنی قوتابخانە بیانییەکان. بەمەش یاسای بۆ دەرکردوون و چاودێریان دەکات بۆئەوەی بیخوێنن و نەوەی ئێستا لە زمانی دایکیان دانەبڕێن، ئەمە سەرەڕای بوونی زمانی بیانی،

زمانی دایک بایەخی خۆی پێدەدرێت. زۆربەی بەژداربوانی توێژینەوە لە دایک و باوک و بەڕێوەبەر و مامۆستا ئەوە دوپاتدەکەنەوە کە بایەخ بەزمانی کوردی دەدەن و دەیانەوێ بیپارێزن وەک بەشێک لە ناسنامە و سەرمایەی نەتەوە. بۆ نمونە مامۆستا (هەڵدێر) دوبارە لە قوتابخانەی (A) لەوبارەیەوە دەڵێت:

"مامۆستای کوردی زیاتر بایەخ بەزمانی کوردی دەدات، لێرە مەنهەج بە ئنگلیزیە بەلام بایەخ بە زمانەکانی تریش دەدرێت".

واتە ئەرکی سەرەکی وتنەوە و فێرکردنی قوتابیان لای مامۆستا وانەی کوردییە و هەمان ئەو پرۆگرامە دەخوێنن کە لە قوتابخانە حکومەییەکان هەیە. ئەوەی زیاتر تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە زۆربەیان ئاماژە بەوەدەدەن کە بەهۆی بوونی چاودێری حکومەت و دانانی بەرنامە بۆیان لەڕێگەی هەبوونی چەند وانەیەک بە کوردی ئەو زمانە پارێزراوە، وەک وانەی کوردی، کۆمەڵایەتی و ئایین. وەک بەڕیوەبەر (گەیلان) لە قوتابخانەی (C) دەڵێت:

"زمانی کوردی دەخوێنین وەک هەر قوتابخانەیەکی تری حکومی لەپاڵ زمانی ئینگلیزی کە زمانی مەنهەجەکەمانە. بۆنمونە وانەی ئایین دەخوێنین لەگەڵ کوردی وکۆمەڵایەتی کە بە زمانی کوردین. مەنهەجی بەریتانی بۆ وانەکانی تر دەخوێنن و لەوێ کتێبەکانیان هێنراوە لە کامبریج."

ئەوەی بە کوردی ناخوێنرێت وانە زانستییە چرەکانن کە وەک قوتابخانە حکومییەکان دەخوێنرێن و بەژداربوانی توێژینەوەکە بە مەترسی نازانن لەسەر زمانی کوردی و فێربوونی زمانی کوردی. وەک ئاراس کە منداڵەکانی لە قوتابخانەی (C) دەخوێنن و ڕازیە لە قوتابخانەی منداڵەکانی دەڵێت:

"من وەك باوكێك بەگشتی ڕازیم لەوەی کە قوتابخانە بیانیەکان دەیکەن لە کوردستان. ئەوان گرنگی بە زمانی کوردی دەدەن و دڵنیام لەوەی کە وەزارەتی پەروەردەش چاودێری ئەو قوتابخانانە دەکات بۆ پاراستن و گرنگی دان بە زمان و کلتوری کوردی....زمان زمانی کوردی زگماکی خۆمان هیچ کێشەیان نیە دەرسێکی کوردیان هەیە. وەزارەتی پەروەردەش فەرزی کردوە لەسەر قوتابخانەکان کە دەرسێکی کوردی بخوێنرێت لە قوتابخانە بیانەییەکان".

ئەم دڵنیاییە ئەوەمان پێدەڵێت کە بایەخێکی زۆر هەیە بۆ زمانی کوردی لە قوتابخانەکان بەهۆی بوونی چاودێری وەزارەتی پەروەردە لەسەریان. هەروەها لە ڕۆژی زمانەکانیشدا زمانی کوردی بەرز ڕادەگیرێت و تەنانەت مامۆستایەک مامۆستا بیانییەکان لە مامۆستا کوردەکان بەخەمخۆرتر دەزانێ لە بایەخدان بە کورد و بۆنە و یادەکانی. وەک مامۆستا (بەهزاد) لە قوتابخانەی (A) دەڵێت:

"ڕۆژی زمانەکان هەیە لێرە، هەموو زمانەکان لە یەک ڕۆژدا یادیان کرایەوە. تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردوە کە دەبێ هەموو زمانەکان گوزارشت بکەن. بەڵام کاتێ دەستمان پێکرد بیرمان چوو ئاڵا هەڵدەین هی کوردستان، بەڕیوەبەر هات و وتی دەبێ ئاڵا هەڵکەن و سرودی نیشتیمانی کوردستان بڵێن. واتا ڕێز دەگرین لە کورد و پیرۆزییەکانی".

بەشی هەرەزۆری ئەوانەی کە پێیان وایە زمانی کوردی بایەخی پێدەدرێ و پارێزراوە پشت بەوە دەبەستن کە لە پرۆگرامی خوێندندا زمانی کوردی دەخوێنرێ و دەوترێتەوە، وەک زێوەر کە مامۆستای زمانی کوردیە لە قوتابخانەی (B) دەڵێت:

" گرنگیەکی تایبەت بە زمانی کوردی دەدرێت هەمان مەنهەجی قوتابخانە حکومیەکان لەم قوتابخانە دەوترێتەوە".

بەلام گۆران کە منداڵەکەی لە قوتابخانەی (A) یە دەڵێت:

"زمانی کوردی یەکێکە لە زمانەکان کە بایەخی پێدەدرێت لە پاڵ زمانەکانی تر، ئەمەش وا ناکات منداڵ زیاتر بایەخ بە زمانی کوردی بدات".

ئەوەی ئاشکرایە لێرەدا ئەوەیە کە گرنگی بە زمانی کوردی دەدرێت و لە پرۆگرامەکانی خوێندندا زمانی کوردی وەک بابەتێکی سەربەخۆ دەخوێندرێت لە قوتابخانە بیانیەکاندا. ئەمەش ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەو یاسا و ڕێنماییانەی هەن و کاری قوتابخانە ناحکومیەکان ڕێک دەخەن، قوتابخانە بیانیەکان ناچار دەکەن کە گرنگی بە زمانی کوردی بدەن و هەوڵ بدەن قوتابیان فێری زمانی کوردی بکەن. بەلام ئەوەی کە ڕوون نیە ئەوەیە کە چۆن و بە چ شێوەیەک مامۆستایان بابەتی کوردی دەڵێنەوە و قوتابیان فێردەکەن. بە تەنها هەبوونی زمانی کوردی لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن بەس نین. بەڵکو ڕۆڵی مامۆستاش گرنگە لەوەی کە چۆن ئەم بابەتە دەگەیەنن بە قوتابیان. لەم چوارچێوەیەشدا توێژەران ئاماژە بە گرنگی ڕۆڵی مامۆستا دەکەن لە گەیاندنی ئەو پەیامانەی کە لە پرۆگرامەکانی خوێندنداهەن (Wyse 2008).

٢- پرۆگرامی خوێندن:

یەکێکی تر لەو باسانەی کە لەم توێژینەوەیەدا دروست بووە بریتیە لە کاریگەری پرۆگرامی خوێندن لەسەر ناسنامە و کلتوری نەتەوایەتی لەم قوتانخانانەدا. بەهۆی ئەوەی هەر یەکێک لەم قوتابخانانە پەیرەوی لە پرۆگرامێکی تایبەتی خوێندن دەکەن لە گەڵیشیدا بە سیستەمێکی جیاواز ئەو پرۆگرامانە دەوترێتەوە، بۆیە کاریگەری پرۆگرامەکان لەسەر قوتابیەکان هەستپێکراوە و زۆربەی دایک و باوکان ئەم کاریگەریەیان پشتراست کردۆتەوە. ئەم باسە لە ڕێگای دوو وردە باسی ترەوە شیدەکرێتەوە کە بریتین لە:

١.٢. لەکتێبی خوێندن چ گرنگی دانێك هەیە بە ناسنامە و کلتوری نەتەوەیی:

گرنگی دان بە ناسنامە و کلتوری نەتەوەیی لە ڕێگای پرۆگرامی خوێندن لەم قوتابخانانە دەتوانین لە دوو ڕێگاوە تێبینی بکەین. یەکەم لە ڕێگای ناوەرۆکی کتێبە مەنهەجیەکانەوە (Kim.2004)، لەم قوتابخانانەدا وانە زانستیەکان بە زمانی ئینگلیزی دەوترێنەوە زۆربەشیان مامۆستای بیانی دەیانڵێنەوە و ناوەرۆکی کتێبەکانیش وەکو زۆربەی بەرێوەبەر و مامۆستاکان دەیڵێن هیچ ڕەنگدانەوەیەکی ناسنامەی کوردی تێدانیە، وەکو لە قسەکانی کەژاڵەوە دەردەکەوێت کە بەرێوەبەری قوتابخانەی (B) یە و دەڵێت:

"هیچ وانەیەکی تایبەت بە ناساندنی کلتور و ناسنامەی کوردی لە مەنهەجی خوێندنی بابەتە زانستیەکاندا نیە.............."

لە هەموو قوتابخانە ئەهلیەکان بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی پەروەردە کتێبی وانەکانی کوردی، کۆمەلایەتی و ماف کە لە قوتابخانە حکومیەکان دەخوێنرێن لەم قوتابخانانەش بە زمانی کوردی دەخوێنرێن. وەکو لە توێژینەوەکانی (Wyse 2008; Kim 2004). دەردەکەوێت مەنهەجی خوێندنی زانستە کۆمەلایەتیەکان لە قوتابخانەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێرن

لە دارشتنی ناسنامە و کلتوری هەر کۆمەڵگایەک. هەموو بەڕێوبەر و مامۆستاکان ئاماژەیان داوە بەوەی ئەو بابەتانە بە پێی سیستەمەی حکومی دەخوێنرێن لەم قوتابخانانەدا. دڵدار کە بەڕێوبەری قوتابخانەی (A)ە دەڵێت:

" قوتابخانەکەمان قوتابخانەیەکی ئەهلیە لەسەر سیستەمی حکومی، وانەکانی کوردی، کۆمەڵایەتی، ماف، هونەر، مۆسیقا بە بە کوردی و بە هەمان ناوەرۆکی قوتابخانە حکومیەکان دەخوێنرێت....."

زمانی ئینگلیزی کە وانەی سەرەکیە لەم قوتابخانانە ناوەرۆکی ئەم وانەیە بە پێی سیستەمی تایبەتی خۆیان دارێژراوە هیچ باسێکی پەیوەست بە کوردبوونی تێدا بەدیناکرێت. لە ئەزموونی فێربوونی زمانی بێگانە لە وڵاتانی تر ئەوە رەچاو کراوە کە مەنهەجی خوێندنی ئەو زمانە رەنگرێژ بکرێت بە ناسنامەیەکی لۆکالی (Clemente, & Higgins, 2008). لە چاودێریکردنی ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە لایەن بەشێک لە باوکانەوە ئەوە دەرکەوتووە کە ئەم پرۆگرامانە بە پێی سیستەمی ئەو وڵاتانە دەخوێنرێن کە لێوەی هێنراون. (هێمن) کە منداڵەکەی لە قوتابخانەی (E) دەخوێنێت دەڵێت:

" لە زمانی ئینگلیزی ئەو چیرۆکانەی کە لە مەنهەجدا بە منداڵەکان دەوترێتەوە چیرۆکی خۆرئاوایین باسی بەهاکانی ئەوان دەکات، بۆ لە جیاتی ئەو چیرۆکانە باسی کەسایەتیە نەتەوەییەکان و شۆرش و چیرۆکی کوردی تەرجمەی ئینگلیزی ناکرێن و پێان بوترێنەوە............"

رێگای دووەمی تێبینی کردنی ئەم رەنگدانەوەیە بریتیە لە شێوازی وتنەوەی وانەکان. بۆ زانینی ئەم شێوازە پێویست بوو توێژەر بەشێوەی کرداری ئامادەی وانەکان بێت تا زانیاری راستەوخۆ بەدەست بهێنێت. بەڵام بەهۆی رێگرییەکانی میتۆدی و وەرگرتنی مۆڵەت نەتوانرا بکرێت، بۆیە هەوڵمانداوە لە رێگای مامۆستاکان و دایک و باوکانەوە ئەو زانیاریە بەدەستبهێنین، وەڵامەکان بە دوو ئاراستەیە لە لایەکەوە زۆربەی بەڕێوبەر و مامۆستاکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە وەکو پێویست توانیویانە گرنگی بە ناساندنی لایەنی نەتەوەیی بدەن بە قوتابیەکان لە رێگای وانەکان و شیکردنەوەکانەوە بە تایبەتیش ئەو مامۆستایانەی کە وانە کوردیەکان دەڵێنەوە. لیزا کە بەڕێوبەری قوتابخانەی سەرەتاییە لە قوتابخانەی (D) ووتی:

"هەرچەندە هەندێك شت فێری قوتابیەکان دەکەین لەسەر بەهاو کلتوری بریتانی، بەڵام مەجالێکیشمان هەیە بۆ ناسنامە و کلتوری ئەو کۆمەڵگایەی کە کاری تێدا دەکەین. ئێمە توانیومانە پرۆگرامەکانی خوێندنمان بگونجێنین لەگەڵ کلتوری لۆکاڵی لێرە. لە قۆناغی یەکەم لە بابەتەکانی جوگرافی باسی جوگرافیای ئێرە دەکەین. ئێمە باسی مێژووی ئێرە و شارەکانی ئێرەیان بۆ دەکەین. ڕێز لەجل و بەرگی کوردی دەگرین. گرنگیمان هەیە بۆ ڕۆژی نەتەوەیی و یادی ئەنفال و هەڵەبجە دەکەینەوە و هەموو ئەمانە لە پرۆگرامەکانی خوێندنماندا هەن..."

لە لایەکی تریشەوە وەکو لە باسی زمان دەرکەوتووە لە زاری زۆربەی دایک و باوکەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە گرنگی دان بەو وانانەی بە زمانی کوردی دەخوێنرێن، کە ناوەرۆکەیان زیاتر باسی مێژوو و جوگرافیا و زمان و کلتوری کوردی دەکات، لاوەکیە. قوتابی هان نادات بە دوای ناسینی کلتور و ناسنامەی خۆیدا بێت. گۆران کە کچەکانی لە قوتابخانەی (A) دەخوێنن دەڵێت:

منداڵەکانم هیچ چاویان لێرە نیە هەتا بۆ گەران و سەیران حەزیان لە گەشتی دەرەوەی وڵاتە، تا ئێستا سلێمانی و دهۆکیان نەبینیوە نایەن بیانبەم......."

هەر وەکو لە توێژینەوەکانی (Parmenter, 1999; Wyse, 2008; Darr, 2011) دەردەکەوێت پرۆگرامەکانی خوێندن و ئەو بنەما و فەلسەفە پەروەردەییە لە پشتی پرۆگرامەکانەوە هەن لەگەڵ شێوازی گەیاندنی بۆ قوتابی بە تێکرا بەشدارن لە بونیادنانی ناسنامەی نەتەوەیی و کلتوری. لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت لەم قوتانخانانەدا هەست بە لێلی و ناروونی دەکرێت لە رادەی گرنگی و بایەخدان و رەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لە پرۆگرامی خویندیان بەجۆرێک ناتوانیت هەندیک بنەمای روون لەم بارەیەوە بدۆزیتەوە.

٢.٢. لەپرۆگرامی شاراوەدا چی گرنگی دانێك هەیە بە کلتور و نەتەوەیی.

مەبەست لە پرۆگرامی شاراوە ،کە وەکو وردە باسێکی تر وەرمان گرتووە، هەموو هەوڵێکی ناراستەخۆ دەگرێتەوە کە ئەم قوتانخانانە ئەگەر بیدەن بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و بەرنامە بۆ دارێژراو بە ئامانجی دروست کردنی بیرورا، ناسنامە یان کەسایەتیەکی تایبەت لای قوتابیەکان (Sadker, Zittleman and Sadker 2012). ستافی قوتابخانەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەولەوییەت لای ئەوان فێربوونە نەک شتی تر،هەرچەندە ماموستا بیانیەکان لە چاوپێکەوتنەکاندا پابەندبوونی خۆیان و رێزگرتنی تایبەتمەندییە نەتەوەیی و کلتورییەکانی کورد دەردەبڕن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی خۆیان بۆ گۆرانکاری لە هەندێک کلتور و مامەڵەی ژیانی رۆژانە پێشاندەدەن کە ئێستا وەکو بەهایەکی ستاندارد‌ی جیهانی هەموو کۆمەڵگاکان چاویان لە پەیرەوکردنیانە. کاروان کە مامۆستایە لە قوتابخانەی (C) ووتی:"

> "ئەمەوێ راستگۆ بم لەگەڵت، لێرە زۆر کلتوری خراپ هەیە لە کوردستان ، سرە بڕین و پێش یەکتر کەوتن، فڕێدانی شت لەسەرجادە و شتی تریش. ئێمە لێرە لەم قوتابخانەیە هەوڵ دەدەین ئەو کلتورە بگۆڕین و ڕاستی بکەینەوە وەك ئەو کلتورە ستانداردە نێودەوڵەتیەی لێ دەکەین کە هەیە. قۆپیەکردن بووەبە دیاردە لێرە، ئێمە پێویستە ئەوەش ڕاست بکەینەوە..."

زۆربەی دایک و باوکەکان لەگەڵ ئەوەی پێیانوایە کە پرۆگرامێکی تایبەت نیە بەدروستکردنی هەستی کوردبوون لە لای قوتابیەکان ، بەڵام هەستیان بە هەوڵێک کردووە کە لە گەڵ منداڵەکانیان دەدرێت بۆ درست کردنی ئینتمایەکی تایبەت. هێمن کە باوکی منداڵێکە لە قوتابخانەی (E) دەڵێت:

> "پرۆگرامێکی تایبەت نیە بۆ ئەوەی قوتابیەکان هەست بە ناسنامەی خۆیان بکەن........"

. گۆران وەك باوکێك دەڵێت:

> "پەروەردەیەکی تایبەتی شاراوەی ئیسلامی لە پاڵ خوێندن لە منداڵەکانما بەدیدەکەم ، دەیانەوێت کەسایەتیەکی موسڵمان لە قوتابیەکان دروست بکەن لە رێگای فێرکردنی قورئان و نوێژەوە"

هەروەها (ئاشتی) کە کچەکەشی لە قوتابخانەی (A) ە دەڵێت:

> "لەڕێگەی ووردبوونەوە لە پڕۆگرامی کارو چالاکییەکانی ئەو قوتابخانەیە دەبینین کە هەندێک شت بەپێش هەندێکی تر دەخەن، بۆ نمونە ئەگەر منالەکەم ناچار نەکرێ ڕۆژی جلی کوردی ڕاگرێت ئەوا نایکات چونکە بەشێک نیە لە چالاکی و فێرنەکراوە. بەڵام هەندێک بەهای ئایینی هەن لایان گرنگەو دەبینم ڕەنگ دەداتەوە لە منالەکەمدا. ئەمە لێرەدا بە ناڕاستەوخۆ و بەکەمی کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ناسنامەی دادەنێن.بەڵام بە ئاشکرا نەمبینوە، شتەکە بە نەرمییە و سیاسیەت لە کارەکانیانەوە دیارە."

دەرككردن بەوەی قوتابخانە بیانیەکان بە چی میکانیزمێک کار لە سەر دارشتنی ناسنامەی قوتابیان دەکەن پێویستی بە هۆشیاری و چاودێری وردی دایک و باوکان هەیە. چونکە ئەگەر هەوڵیک هەبێت لەم رووەوە وەکو چەند باوکێک دەڵین هەوڵیکی شاراوەیە. پێویستە جیاوازی نێوان قوتانخانەکان لەبەرچاو بگرین لە هەندێک لە قوتانخانەدا زیاترە. ئەم پرۆگرامە شاراوەیە بە لای هەندێک دایک و باوکەوە لایەنی ئیجابی ئەم قوتابخانانەیە چونکە لە گەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردیدا دەگونجێنێت. هەر لەبەر ئەم هۆیە منداڵەکانیان ناردووە بۆئەم قوتانخانەیە چونکە لە قوتابخانەکانی تر فێری هەندێک شت دەکرێن کە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی ناگونجێن.

٣- ناسنامەی نەتەوەیی لەفەلسەفەی پەروەردەیی.

لە پشت هەر سیستەمێکی پەروەردەییەوە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی هەیە، کە بریتیە لە کۆمەڵێک بیروباوەری پێکەوە گرێدراو. ئەو فەلسەفەیە دەستنیشانی ئەوە دەکات قوتابی دەبێت چی و چۆن فێربکرێت (Sadker, Zittleman and Sadker 2012). ناسنامە یەکێکە لەو رەگەزانەی کە ئەم فەلسەفەیە پێکدێنێت لەم روانگەیەوە باس (Theme) ی رەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە فەلسەفەی پەروەردەیی ئەم قوتابخانانە کراوە بە پێوەرێک بۆ زانینی رادەی گرنگی دانی ئەم قوتابخانانە بە کلتور و ناسنامەی کوردی. ئەم رەنگداوەیەش لە دوو وردە باسدا شیکراوەتەوە.

١.٣. ڕەنگدانەوەی ناسنامە لەچالاکی و بۆنە و یادەکان

کورد بە هۆی هەستیاری دۆزەکەی و زۆری رووداو و کارەساتە مێژوویی و نەتەوەییەکانەوە گرنگیەکی تایبەت بە بۆنە و یادە نەتەوەییەکان دەدات. یادکردنەوەی بۆنە نیشتمانیەکانیش بۆ خۆی یەکێکە لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی نەتەوەیی (Low-Beer 2003). قوتابخانە بیانیەکانیش وەکو بەرێوبەر و مامۆستاکان ئاماژەیان پێداوە ساڵانە یادی ئەو بۆنە و یادە نەتەوەییانە دەکەنەوە. بەڵام تێگەیشتنی جیاواز لەسەر ئامانج و مەبەستی ئەم یادکردنەوانە هەیە لە لای ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە. بە گشتی بەرێوبەر و مامۆستای قوتابخانە بیانیەکان باسی بایەخدانی پێویستی قوتابخانەکانیان بە بۆنە و یادەکان دەکەن. مامۆستا (هەنگاو) کە مامۆستایە لە قوتابخانەی (E) دەڵێت:

> " لە هەموو بۆنەکان چالاکی خۆمان هەبووە، لە نەورۆزدا، هەوڵدەدەین بزانن کە چیەو لە کێوە هاتووە. قوتابیمان هەیە وادەزانێ نەورۆز بەس سەفرەیە. بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین بۆیان باس بکەین کە لە کوێوە هاتووە و بۆ کورد خاوەنیەتی؟......"

هەروەها لیزا کە بەڕێوەبەرە لە قوتابخانەی (D) بە هەمان شێوە دەڵێت:

> " ئێمە پابەندی زۆرینەی ئەو پشووانەین کە وەزارەتی پەروەردە دیاری دەکات بەڵام هەموشیان نا. ئێمە یادی نەورۆز دەکەینەوە و دەیکەین بە پشووش، هەروەها جەژنەکان و ڕۆژی کرێکاران و هی تریش. بۆ نمونە ئێمە لەڕۆژی ٣\١٦ سوود لەو ڕۆژە وەردەگرین بۆ ئەوەی منداڵەکان فێربکەین کە هەڵەبجە چی یە........."

بەڵام ئەگەر تەماشای قسەی دایک و باوکی قوتابیەکان بکەین، بەشێوەیەکی جیاوازتر لەو وتانەی سەرەوە باسی یادکردنەوەکان دەکەن.سێ باوک بەم جۆرە باسی یادکردنەوەی بۆنەکان دەکەن:

هەژار باوکی منداڵێکە لە قوتابخانەی (A) دەڵێت:

" یادی بۆنە نەتەوەییەکان دەکەنەوە و داوا لە قوتابیەکان دەکەن لە ڕێگای وێنە کێشانی سیمبولە نەتەوەییەکانەوە بەشداری بکەن......"

هێمن کە باوکی منداڵێکە لە قوتابخانەی (E) دەڵێت:

" یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکان وەک جۆرێک لە ڕەچاوکردن و شتێکی رووکەشی ئەنجامدەدەن......."

گۆران کە منداڵەکانی لە قوتابخانەی (A)ن دەڵێت:

" بە فشاری حکومەت بۆنە و یادەکان دەکەنەوە، دەنا حکومەت پێیان دادەخات، دەنا خۆیان یەک زەرە باوەریان بە مەسائیلی نەتەوەیی ئێمە نیە......."

لە روانگەی زۆربەی دایک و باوکانەوە وا دەردەکەوێت یادکردنەوەی ئەم یاد و بۆنانە وەکو شتێکی رەسمی بۆ نیشاندانی پابەندبوونی خۆیان بەو رێنمایانەی کە وەزارەتی پەروەردە دایناوە بێت نەک وەکو شتێکی ناوەرۆکدار و گرنگ بۆیان. هەرچەندە قوتابخانە بیانیەکان وەکو شتێکی شکلی و رۆتینی لە بۆنە و یادەکاندا مەراسیمی تایبەتی رێکدەخەن بەڵام ئەمە نەبووە بە پاساوێک بۆیان تا ئەو گومانە لە لای دایک و باوکەکان برەوێنیتەوە کە ئەوان بە تەنگی ناسنامە و دۆزی کوردەوەن. هەندێک لە دایک و باوکەکان وەکو کۆمپانیایەکی بازرگانی سەیریان دەکەن کە زیاتر بە تەنگی قازانجی خۆیانەوەن نەک هیچی تر.

ئەم گرنگی دانە لاوەکیە بە بۆنە و یادەکان وەکو لە قسەی زۆربەی دایک و باوکەکانەوە دیارە، بە شێوەی ناراستەوخۆش لە وتەی کەمینەیەکی ستافی قوتابخانەکانیش دەردەکەوێت. کاروان کە مامۆستایە لە قوتابخانەی (C) دەڵێت:

"پێم وانیە زۆر پێویست بێت ئێمە گرنگیمان بۆ ناسنامەی نەتەوەیی هەبێت لەکاتێکدا تەرکیزی ئێمە لەسەر زانست و ئەکادیمیایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەڕۆژی ئاڵای کوردستانمان هەیە لێرە، زانستی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی تەرخانکراوە بۆ ناسنامەی کوردی. لەکاتێکدا ئێمە قوتابیمان هەیە لە نەتەوەکانی تر و ئاین و کەمینە کانی تر، من هیچ گرنگیەکم بۆ کلتورو ناسنامەی نەتەوەیی نیە. قوتابخانەکەمان زۆر هەمەڕەنگە...."

٢.٣ دروستکردنی هاوڵاتیەکی جیهانی:

باسێکی تر کە لە چاوپێکەوتنەکانەوە بەدەرکەوت بریتیە لە ڕۆڵی قوتابخانە بیانەکان لە دروستکردنی هاوڵاتیەکی جیهانی. بە بۆچونی زۆرینەی دایکان و باوکان لە لایەك و مامۆستایان و بەرپرسانی قوتابخانەکان لەلایەکی ترەوە، ئەم قوتابخانە بیانیانە دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنی بگێرن لە دروستکردنی هاوڵاتیەکی گەردوونی کە پابەندی ئەو بەهاو پرەنسیپە جیهانیانە بێت کە لە دونیای مۆدێرندا بانگەشەی بۆ دەکرێت و خۆی لەڕۆحیەتی یەکتر قبوڵکردن و یەکسانی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بەبێ ڕەچاوکردنی ئاین و ڕەگەز و نەتەوە...هتد دەبینێتەوە.

ئاراس کە دوو منداڵی لە قوتابخانەی (C) دەخوێنن بەم شێوەیە باسی ئەم بابەتەی کردوو وتی

"من وەك باوكێك لەگەڵ ئەوەم کە سیستەمێکی پەروەردەی جیهانی هەبێت بە جۆرێك کە گرنگی بە پەروەردەی تاك بدات جا با ئەو سیستەمە ئەمریکی یان ئەوروپی یان هی هەر وڵاتێك بێت. ئێمە دەتوانین لە سایەی وەها سیستەمێکیشدابێت بەشێك لە کلتورو ناسنامەی خۆمان بپارێزین. لە کۆتاییدا ئێمە هەموان ئەندامی یەك کۆمەڵگای مرۆین و ناتوانین خۆمان لە جیهان دابڕین. ..."

جێگای سەرسوڕمان نیە کە باوکێك بوونی سیستەمێکی پەروەردەیی بە پێویست بزانێت بۆ دروستکردنی تاکێکی جیهانی چونکە پێ دەچێت باش لەوە گەیشتبێت کە ناسنامەی جیهانی هاوتای ناسنامەی نەتەوەیی گرنگە بۆ هەڵکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە. چونکە ئەو بەڕوونی جەخت دەکاتە سەر ئەو خاڵە هاوبەشەی کە هەمووان ئەندامی یەك کۆمەڵگای مرۆیین و هەبوونی جۆرێك لەپەیوەندی بە پێویست دەزانێت. ئەم باوکە بایەخی بۆ ناسنامە و کلتوری کوردی هەیە و بڕوای وایە کە دەکرێت ئەو ناسنامەیە ئەگەر بەشێکیشی بێت بپارێزرێت هەتا ئەگەر لەسایەی سیستەمێکی بیانیشدا بێت، ئەمەش خاڵێکە و جێی سەرنجە چونکە ئەم لەوە تێگەیشتووە کە ناسنامە و کلتور لە توخمی جۆراو جۆر پێکدێن و دەکرێت هەندێك لەو توخمانە بپارێزرێن ئەگەر لە دۆخێکی واش بێت کە یارمەتیدەر نەبێت بۆ پاراستنی ناسنامە و کلتورە نەتەوەییەکە.

سەبارەت بەو پرەنسیپ و بەهایانەی کە لە دونیای مۆدێرندا بانگەشەی بۆ دەکرێت ئەو لەو ڕووەوە ڕۆڵی قوتابخانە بیانیەکان لە کوردستان بەرز دەنرخێنێت و پێی وایە کە لە چوارچێوەی ئەم قوتابخانانەدا جۆرێك لە یەکسانی جێندەری و ڕوحیەتی یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیان هەیە هەروەك دەڵێت

"...کە تەماشای ئەو قوتابخانە بیانیانە دەکەیت لە کوردستان رۆڵێکی ئیجابییان دەبینم لەوەی کە جیاکاری جێندەری تێدا نیە، جۆرێك لە پێکەوە ژیان هەیە لە نێوان قوتابیان کە لە گروپی نەتەوەیی و ئاینی جیاوازەوە هاتوون. ئەوە شتێکی زۆرباشە... "

ئەمەش ئەو خاڵەیە کە پەروەردەی مۆدێرن و لیبراڵ جەختی لەسەر دەکاتەوە و ئاڕاستەیەکی دیاریکراوە لەپەروەردە لەجیهاندا کەڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی وەك یونسکۆ جەختی لەسەر دەکاتەوە(Barrett et al. 2006). وە ئەو خاڵێکی گرنگی ووروژاند و بەستیەوە بەوەی کە ئەو زوڵم و زۆر و جیاکاریەی کە کورد بەدرێژایی مێژوو بەسەریدا هاتووە دەبێت ببێت بە هاندەرێك بۆ سڕینەوەی کلتوری جیاکاری ڕەگەزی و دەمارگیری و لەبری ئەو دەبێت ڕوحی پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن تۆخ بکرێتەوە. وەکو ئاماژەیەکیش بۆ پشتگیری کردنی قوتابخانە بیانیەکان بۆ برەودان بەکلتوری یەکتر قبوڵکردن و فرەڕەنگکرنی کۆمەڵگا ئەو پێی وایە کە پێویستە دەستی ئەوانە بگیرێت کە ئەم جۆرە کلتورە برەو پێدەدەن لەم کۆمەڵگایەدا ،هەروەك وتی

"ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە، پێویستیمان بەو کلتورە هەیە. ئێمە خۆمان قوربانی دەستی جیاکارین.

بۆچی پشتگیری ئەوانە نەکەین کە دەیانەوێت کلتوری جیاواز و فرەڕەنگمان بۆ بێنن!!!"

هەر پەیوەست بەڕۆڵی قوتابخانە بیانیەکان لە کوردستان لە دروستکردنی ناسنامەی جیهانی، بەڕێوەبەر (گەیلان) لە قوتابخانەی (C) بۆچونی وایە کە لەم قوتابخانانەدا هەوڵێك هەیە بۆ دروستکردنی هاوڵاتیەکی جیهانی کە ئەمەش هاوشانە لەگەڵ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی. هەروەك دەڵێت

" لێرە هەوڵ دەدرێت کە ناسنامەیەکی جیهانی دروست ببێ هاوکات کوردیانەش بێت، واتە ئێمە لە ڕێگای ئەو پرۆگرامی خوێندنەوە هەوڵ دەدەین تاکێك دروست بکەین کە ڕێز لەوی تر بگرێت و لە هەمان کاتیشدا کورد بێت."

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ناسنامەی جیهانی و ناسنامەی کوردی گرنگە. بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە دروستکردنی تاکێکی کوردی مافی خۆیەتی ناسنامەی نەتەوەیی بپارێزرێت لەهەمان کاتیشدا گرنگە کە ڕێز لەوانی تر بگرێت.

هاوشان لەگەڵ ئەم بۆچونەدا مامۆستا میدیا لە قوتابخانەی (A) دروستکردنی ناسنامەی جیهانی بە پێویست دەزانێت بە جۆرێك کە هاوتای ناسنامەی نەتەوەیی گرنگە و لەم ڕووەوە قوتابخانە بیانیەکان لە کوردستان دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن. ئەو دەڵێت

"پێویستە هاوسەنگی دروست بکرێت لەنێوان ناسنامەی لۆکاڵی و جیهانی کە هەندێك جار وەکو دوو ئاڕاستەی جیاواز دەردەکەوێت لەم قوتابخانەیەدا."

لە قسەکانی مامۆستا میدیا ئەوە دەردەکەوێت ناکرێت هیچ کام لەو ناسنامانە بکرێت بە قوربانی ئەویتر بەڵکو گرنگە بایەخ بە هەردووکیان بدرێت و لە قسەکانیدا جۆرێك لە ترس بەدی دەکرێت لەوەی کە هەندێك جار ئەم دوو جۆرە لە ناسنامە وەك هاودژ کاریان لەسەر دەکرێت لە کاتێکدا هەردووکیان گرنگن.

بە لە بەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی باسکران، ئەوە دەردەکەوێت کە قوتابخانە بیانیەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە دروستکردنی ناسنامەی جیهانی لای قوتابیان و دەکرێت وەك لایەنێکی ئەرێنی تەماشا بکرێن لەو ڕووەوەی کە کوردستان وەك هەرێمێك پێویستی بەوە هەیە کە هاوڵاتیەکانی لەگەڵ ئەوەی لە کوردستان دەژین بەڵام دەبێت هاوڵاتیەکی جیهانیش بن. بێگومان ئەمە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستیەی کە ناکرێت کلتور و ناسنامەی کوردی فەرامۆش بکرێت. بەتایبەتی کە کورد بوون وەکو ناسنامە هێشتا لەژێر مەترسیدایە. دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەك و ناسنامەی جیهانی لە لایەکی ترەوە لە ڕێگای سیستەمی پەروەدەوە بابەتێکە لە وڵاتانی تریش جێگای سەرنجە. بۆ نمونە لە مالیزیا حکومەت لەساڵی ١٩٨٣ پرۆگرامی پەروەردەی مۆراڵی دەخاتەناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بە مەبەستی دروستکردنی هاوڵاتیەکی مالیزی لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دروستکردنی هاوڵاتیەکی جیهانی کە پابەندی بنەماو پرەنسیپەکانی دونیای مۆدێرن بێت و ڕێز لەوانیتر بگرێت (Hoon 2010). بە هەمان شێوە لە ئیماراتی عەرەبی هەوڵی جدی هەیە لە ڕیگای سیستەمی پەروەردەوە بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی لۆکاڵی کە خۆی لەئیماراتی بووندا دەبینێتەوە، لەهەمان کاتدا ناسنامەیەکی گەردوونی کە هاوڵاتیانی ئیمارات هاوڵاتی جیهانی بن و پابەندی پرەنسیپ و بەهاکانی دونیای مۆدێرن بن (Abu Dhobi Education Council 2014). ئەمەش ئەوەیە کە Green (1996) ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت هەرچەندە جیهانگیری کاریگەری داناوە لەسەر سیستەمی پەروەردەی ولاتان، بەڵام ناتوانین بڵێین سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێک خاسیەتە نیشتیمانی و لۆکاڵیەکەی لەدەستداوە.دەتوانرێت ئەمە وەها لێک بدرێتەوە کە سیستەمی پەروەردەی نیشتیمانی و جیهانی پێکەوە هەوڵی دروستکردنی دوو ناسنامە دەدەن لەیەک کاتدا. یەکێکیان ناسنامەیەکی نیشتیمانی و لۆکاڵیە، ئەویتریشیان ناسنامەیەکی جیهانیە.

٤. پابەندی قوتابخانە بیانیەکان بە یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەتەوە:

باسێکی تر کە سەرنجی توەژەرانی ئەم توێژینەوەیەی ڕاکێشا بریتی بوو لە پابەندی قوتابخانە بیانیەکان بەو یاسا و ڕێنماییانەی کە هەن لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان. توێژەرەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە قوتابخانەکان پابەندی ئەو یاسا و ڕێنماییانەن کە لە وەزارەتی پەروەردەوە دەردەکرێن. دڵدار کە بەڕێوەبەرە لە قوتابخانەی (A) باس لە پابەندی قوتابخانەکەی دەکات بەو ڕێنماییانەی کە لەوەزارەتی پەروەردەوە دەردەکرێن و دەڵێت

> "هەفتەی یەك دووجار سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ی ناوەند دەکەین بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی و پابەندین پێیانەوە. "

لە قسەکانی ئەو بەڕێوەبەرە دیارە کە قوتابخانەکان بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی و جێ بەجێکردنیان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەدەکەن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەدەمەوە چوونی ئەو ڕێنماییانە چوونکە ناڵێت ئەو ڕێنماییانەی کەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بۆمان دەنێرن بەڵکو باسی چونی خۆیان دەکات بۆ هێنانی ڕێنماییەکان.

بە هەمان شێوە لیزا کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (D)یە باسی پابەند بوونی خۆیان دەکات بەو ڕێنماییانەی کە لە وەزارەتی پەروەردەوە دەردەکرێن و دەڵێت

> "ئێمە لەو ڕێنماییانە تێدەگەین کە لە وەزارەت دەرکراون بۆ جێ بەجێکردنی یاساکان. هەوڵمان داوە تا دەتوانین پابەندیان بین بەڵام دەشمانەوێت ناسنامەی نێودەوڵەتی خۆمان بپارێزین. هەر چەندە جۆرێك لە ناڕەحەتی دەبینین بەڵام هەست بە هەموو هەوڵەکان دەکەین کە لە وەزارەتەوە دەدرێن بۆ ڕازیکردنمان و پابەندیمان پێیانەوە. "

بە وردبونەوە لە قسەکانی لیزا ئەوە دەردەکەوێت کە سەرباری ناڕەحەتی و ڕازی نەبوون بەهەندێك داواکاری، قوتابخانە بیانیەکان دەیانەوێت پابەندبن بەو یاساو ڕێنماییانەی کە لەوەزارەتی پەروەردە هەن. ئەوەی کە جێی سەرنجە لە قسەکانی لیزا ئەوەیە کە ئەوان وەك قوتابخانە دەیانەوێت ناسنامەی نێودەلێتی خۆیان لە دەست نەدەن بەڵام هەست بەوەش دەکەن کە وەزارەت هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ ڕازیکردنی قوتابخانەکان و پابەندکردنیان بە یاساو ڕێنماییەکانەوە.

هەر پەیوەست بە هەمان بابەتەوە ئاراس وەك باوکێك باس لەم خاڵە دەکات و بۆی دەرکەوتووە کە قوتابخانەکان پابەندی یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە دەبن. هەروەك دەڵێت

> "ئەوەی من دەیبینم وەك باوکێك ئەوەیە کە ئەم قوتابخانانە خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ واقعی ئێمە. هەرچیان پێ بووترێت لەدەرەوی مەسەلەکان نایکەن. ئەوەی من ئاگادارم و سەردانیان دەکەم و لە منداڵەکان دەپرسم ئەوەیە کە بەشێکە و پابەندن پێیەوە. "

هەرچەندە ئاراس ڕاستەوخۆ باسی ڕێنمایی و یاساکان ناکات بەڵام بەڕوونی دیارە کە مەبەستی لە خۆگونجاندن بریتیە لە پابەندبوون بەو داواکاریانەی کە بەشێوەیەکی ڕەسمی لێیان دەکرێت لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە بابەتی گرنگی دان بە ناسنامە و کلتوری کوردی بەشێوەیەکی ناڕەسمی.

بەگشتی هەروەك لە قسەی بەشداربوانەوە دەردەکەوێت، قوتابخانە بیانیەکان هەوڵی خۆ گونجاندن دەدەن لەگەڵ یاساو ڕێنماییەکان کەلە وەزارەتەوە بۆیان دیاریکراوە.

٥. ڕۆڵی خێزان لە گرنگی دان بە ناسنامە و کلتوری نەتەوەیی:

لە میانەی چاوپێکەوتنەکانەوە، بابەتی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی خێزان وەك بابەتێکی هەست پێکراو بەدەرکەوت. زۆرێك لە بەشداربووان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسیان لە ڕۆڵی خێزان کرد وەك دەزگایەکی کۆمەلایەتی بەرپرس لە برەودان بە ناسنامە و کلتوری نەتەوەیی. ئەمەش لە قسەکانی ئاراس ڕەنگیدایەوە کاتێك ووتی

> "لە ڕاستیدا لە پاڵ ئەو ڕۆڵەی کە قوتابخانە دەیگێڕێت لە پەروەردەکردنی منداڵ و دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، خێزان و کۆمەڵگاش ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. ڕاستە لە قوتابخانە منداڵ زانستەکە وەردەگرێت ئەدی پەروەردەکردنیان لەسەر کلتور و ناسنامەی کوردی؟ "

لە قسەکانی ئەم باوکەوە وادەردەکەوێت کە قوتابخانە بە تەنها بەرپرسیار نیە لە گرنگیدان بە ناسنامە و کلتوری نەتەوەیی، بەڵکو ئەوە خێزانیشە کە بەشێکی بەرپرسیاریەتی بەردەکەوێت لە برەودان و پاراستنی ناسنامە و کلتوری نەتەوەیی. ئەو زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەڕوات و باسی ئەو ڕۆڵەدەکات کە خێزان دەتوانێت بیگێڕێت لە برەودان و پاراستنی ناسنامە و کلتوری نەتەوەدا ، هەروەك دەڵێت

> " ئێمە ژمارەیەکی زۆری جالیەی کوردیمان هەیە لە ئەوروپا ، ئەمریکا ، و لە وڵاتانی عەرەبی، بەلام تا چەند منداڵەکانیان لەسەر کلتورو ناسنامەی نەتەوەیی پەروەردە دەکەن.... من خێزانی کوردی دەناسم لە ئەمریکا دەژین کەسایەتی کوردی وایان پێگەیاندووە لە مەجالی سیاسی و ئابوری دەوری گەورەیان هەیە. گرنگیدانی ئەمانە بە ناسنامە و کلتور و جل وبەرگی کوردی جێی فەخرو شانازیە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوان لە ناوکلتور و وڵاتێکی تر دەژین."

گۆران وەك باوکێك پێی وایە کە ئاستی ڕۆشنبیری دایك و باوك گرنگە لە پەروەردەی نەتەوەیی منداڵ، چونکە ئەگەر دایك و باوك ئاستێکی دیاریکراو لە ڕۆشنبیری نەتەوەییان نەبێت، ئەوا قوتابخانە ناتوانێت ڕۆڵی پەروەردەی نەتەوەیی بگێڕێت.ئەمەش بەڕوونی لەقسەکانی دیارە کاتێك دەڵێت

> " پەروەردەی نەتەوەیی لەو قوتابخانانە بۆ دایک و باوک بەجێهێڵراون، ئەگەر دایک و باوک لەو ئاستە نەبن و رۆشنبیری تەواویان نەبێت کەم و کوڕی لای منداڵ لە رووی نەتەوەییەوە دروست دەبێت، چاوەڕێ ناکرێت کابرایەکی بیانی پەروەردەی نەتەوەیی بە منداڵەکانمان بڵێنەوە"

ئەوەی جێگای سەرنجە لە قسەکانی ئەم باوکەوە ئەوەیە کە بە مەبەست پەروەردەی نەتەوەیی لەقوتابخانەکاندا ناکرێت و بۆ دایکان و باوکان بەجێهێڵراوە. ئەو ڕاستگۆییانە بۆچوونی خۆی لەسەر مامۆستای ئەو قوتابخانانە دەربڕی و بەڕاشکاوی دەڵێت کە مامۆستایەك لە نەتەوەیەکی تر چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت منداڵەکەی لەسەر پەروەردەی نەتەوەی کوردی پەروەردەبکات.

هەر سەبارەت بە ڕۆڵی دایك و باوك لە پەروەردەی نەتەوەیی و ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی ئەوان، ئاراس وەك باوکێك دەڵێت

> "ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە وەك دایکان و باوکان ئەوەیە کە چەند سەعاتێك لە قوتابخانەن زانستەکە وەربگرن. ئەوەی تر کە دەمێنێتەوە وەکو دایك و باوك لەسەر ئێمەیە کە منداڵەکان نزیکەی ١٨ سەعات لە ماڵەوەن خۆ ناشکرێت تۆ لەم هەرێمە بژیت و نەزانیت جلی کوردی چیە، کلتوری کوردی چیە و مێژووی کورد چیە!!ئەمانە بەشێکن لە پەروەردەی خۆمان لە خێزانەکاندا. ‘‘

لەم قسانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئاستێکی دیاریکراو لە هۆشیاری و ڕۆشنبیری نەتەوەیی لای دایکان و باوکان پێویستە بۆ برەودان بە ناسنامە و کلتوری نەتەوەیی. هەرچەندە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە لەو قوتابخانانە دا ئەوەیە کە منداڵ فێری زانستە کە ببێت، بەڵام ئەوە دایکان و باوکانن کە پێویستە مەعریفە و زانیاریان لەسەر کلتورو ناسنامەی نەتەوەکەی خۆیان هەبێت و منداڵەکانیانی پێ پەروەردەبکەن.

دەرەنجام:

بە گشتی دەتوانین بڵێین کە هەرچەندە فێربوونی زمانی بیانی لەم قوتابخانانەدا لایەنێکی ئەرێنی هەیە و دەتوانرێت وەك سەرمایەی مرۆیی و مەعریفی تەماشا بکرێت، بەڵام ئەمەش لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە ڕەنگە ببێتە لەمپەر لە بەردەم گەشەسەندنی زمانی کوردی و بوونی بە زمانی زانست وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی ناسنامە. لە کاتێکدا پرۆگرامی خوێندن لەم قوتابخانانەدابەتایبەتی خوێندنی زانستە مرۆییەکان، کە ناوەڕۆکەکانیان پەیوەستە بە ناسنامە و کلتوری کوردیەوە، هەمان ئەو پرۆگرامانەن کە لە قوتابخانە حکومیەکان دەخوێندرێن و بەزمانی کوردیش دەوترێنەوە، بەڵام گرنگی دان بەم پرۆگرامانە بە بەراورد بە زانستە سروشتیەکان کە بەزمانی ئنگلیزی دەخوێندرێن هەم لەلایەن قوتابخانەکانەوە و هەم لە لایەن قوتابیانیشەوە کەمترە. لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی فەلسەفەی پەروەردەییەوە تەرکیزی ئەم قوتابخانانە زیاتر لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی قوتابیەکانە، بەڵام لەڕووی شکلی و ڕۆتینیەوە قوتابخانە بیانیەکان لە ڕێگای چالاکی و بۆنەو یادەکاندا گرنگی خۆیان پیشان دەدەن بۆ کلتور و ناسنامەی کوردی. سەرەڕای ئەمانەش ئەمە نەیتوانیوە ئەو گومانە لای دایك و باوکان بڕەوێنێتەوە کە ئەم گرنگیدانە گرنگیدانێکی ڕاستەقینەیە. لایەنێکی تری فەلسەفەی پەروەردەیی ئەم قوتابخانانە بریتیە لە دروستکردنی ناسنامەیەکی جیهانی. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە بەشداربووان بە گشتی و دایك و باوکان بە تایبەتی بە تایبەتمەندیەکی باشی ئەم قوتابخانانەی دەزانن. قوتابخانە بیانیەکان وەك لایەنێکی فەرمی لەڕووی پابەندبوونیان بەو یاساو ڕێنماییانەی کە لە وەزاەتی پەروەردەوە دەردەچن، وە خێزانیش وەك لایەنێکی نافەرمی لەڕووی گرنگیدان بە ناسنامە و کلتوری کوردیەوە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دیاریکردنی سروشتی ناسنامەی نەتەوەیی. بە تایبەتی ڕۆڵی خێزان کە وەکو پارسەنگێك تەماشا دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەك کە لە گرنگی نەدانی قوتابخانەکانەوە بۆ ناسنامە و کلتوری کوردی دروست دەبێت.

ڕاسپاردە:

بەرمەبنای ئەو دەر ئەنجامانەی کە ئێمە لەم توێژینەوەیە پێی گەیشتوین، گرنگە کە چوارچێوەی توێژینەوە لەم بابەتە فراوانتر بکرێت و داتاو زانیاریەکانی لەئاستی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت بۆ باشتر تێگەیشتن و دەرخستنی ڕاستی و دروستی دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە. بە پێویستی دەزانین هەر تەوەرێك کە لەم توێژینەوەیەدا باسکراوە لە ڕێگای توێژینەوەی ترەوە لەئایندەدا بکرێتە بابەتێکی سەربەخۆی توێژینەوە زانستیەکان. گرنگە هەموو ئەو توێژ و گروپانەی کە ڕاستەوخۆ بەشدارن لەپرۆسەی دروستکردن و ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بکرێن بەنموونەی توێژینەوەی سەربەخۆ بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم بابەتە، بەتایبەتی خوودی قوتابیان، لەڕووی میتۆدۆلۆژیشەوە گرنگە کە بە میتۆدی جیاواز توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکرێت.

پێشنیار:

لەڕوانگەی ئەو ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەی کە حکومەت هەیەتی، گرنگە لە ڕووی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە قوتابخانە بیانیەکان بایەخدانی زیاتر هەبێت بەم بابەتە و جەختی زیاتر بکرێتەوە لە سەر جێ بەجێ کردنی ئەو یاسا و

ڕێنماییانەی کە بەرکارن. هەروەها پێشنیار دەکەین ئەو بابەتانەی کە بە کوردین و پەیوەندیدارن بە بابەتی ناسنامەی نەتەوەییەوە، بەتایبەتی بابەتەکانی مێژوو، جوگرافیا، زمانی کوردی و...هتد لەناو قوتابخانە بیانیەکان هاوتای بابەتە زانستیەکانی تر گرنگیان پێ بدرێت. گرنگە ئەو مامۆستا بیانیانەی کە لەو قوتابخانانە دا وانە دەڵێنەوە و بەڕێوەی دەبەن ئاشنایەتیەکی باشیان هەبێت لەگەڵ کلتورو ناسنامەی نەتەوەیی و بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت پێش دەست بەکاربونیان خولی تایبەتی ببینن دەربارەی کۆمەڵگای کوردی و کلتورەکەی.

سنورداری توێژینەوەکە:

سەبارەت بە سنورداری ئەم توێژینەوەیە، گرنگە ئاماژە بە بچوکی قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە بدرێت کە نەتوانراوە نمونەی زیاتر لە شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان وەربگیرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت دەرەنجامەکان بگشتێنرێن، ئەمەش بە هۆی سنورداری توانای ماددی و کاتی توێژەرەکانەوە. بەهۆی ڕێگە نەدان و هاوکاری نەکردنی هەندێك لە قوتابخانەکانەوە، توێژەرەکان نەیانتوانیوە نمونە لە هەموو قوتابخانە بیانیەکانی شاری هەولێر وەربگرن، لە هەندێك لەو قوتابخانانەش کە وەك نمونە وەرگیراون نەتوانراوە چاوپێکەوتن لەگەڵ دایك و باوکان و مامۆستایان بکرێت یان بە پێچەوانەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ دایکان و باوکان کراوە بەڵام لەگەڵ مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان نەکراوە لە هەمان قوتابخانە. ئەمەش ڕەنگە کاری لەوە کردبێت لە هەندێك شوێندا دەنگی یەکێك لەو گروپانە زیاتر لە دەنگی ئەوانی تر دەرکەوتبێت.

سەرچاوەکان:


Abdulla, Chnar, S. 2009. “Role and Effect of Educational System on the National Dimension in the Kurdish Society.” Ph.D. Dissertation, Department of Sociology, Salahaddin University. Erbil.

Abu Dhobi Education Council. 2014. *National Identity and Culture.* Retrieved July 25, 2016 (https://www.adec.ac.ae/en/MediaCenter/Publications/National_Identity_EN%20(2)/files/assets/common/downloads/publication.pdf)

Ali, Jaefer. 2004. *Nationalism and Kurdish Nationalism*. Sulaymaniyah/Iraq: Ranj Publishing House.

Almonte, Sherlyne A. 2003. “National identity in moral education textbooks for high school students in the Philippines: A content analysis.” *Asia Pacific Education Review 4 (1): 19-26*

Baker, S.E., Edwards, R. and Doidge, M. 2012. How many qualitative interviews is enough?:Expert voices and early career reflections on sampling and cases in qualitative research.

Barrett, A.M., Chawla-Duggan, R., Lowe, J., Nikel, J. and Ukpo, E., 2006. The concept of quality in education: a review of the “international” literature on the concept of quality in education. England: EdQual.

Blommaert, Jan. (2006) Language Policy and National Idenity. In: Ricento, Thomas. (ed.) An Introduction to Language Policy: Theory and Method. Oxford: Blackwell Publishing. P. 238-254.

Brown, G.K., 2007. Making ethnic citizens: The politics and practice of education in Malaysia. International Journal of Educational Development, 27(3), pp.318-330.

Bryman, Alan. (2012) Social research methods. 4th ed. Oxford, Oxford university press.

Clemente, A. and Higgins, M.J., 2009. English as a linguistic and intellectual weapon against nativespeakerism. In Selección de artículos del segundo congreso de investigación cualitativa (pp. 155-63).

Darr, B.J., 2011. Nationalism and state legitimation in contemporary China.DiCicco-Bloom, B. and Crabtree, B.F., 2006. The qualitative research interview. Medical education, 40(4), pp.314-321.

DiCicco-Bloom, Barbara, and Benjamin F. Crabtree. 2006. ”The qualitative research interview." Medical education 40, no. 4: 314-321.

Durkheim, E. 1972. *Selected Writings*, edited with an introduction by Anthony Giddens.

Dustmann, C. and Fabbri, F., 2003. Language proficiency and labour market performance of immigrants in the UK. The Economic Journal, 113(489), pp.695-717.

Eid, F.H., 2015. Citizenship, community and national identity: young people perceptions in a Bahraini context. Journal of Case Studies in Education, 7, p.1.

Gellner, Ernest. 1983. Nations and Nationalism. Ithaca: Cornell University Press.

Greenfeld, L., 1996. Nationalism and modernity. SOCIAL RESEARCH-NEW YORK-, 63, pp. 3-40.

Hoon, C.L., 2010. An appraisal on the implementation of moral education for schools in Malaysia. In Procceedings of the 4th International Conference on Teacher Education; Join Conference UPI & UPSI.

İnce, B., 2012. Citizenship education in Turkey: Inclusive or exclusive. Oxford Review of Education, 38(2), pp.115-131.

Kellas, J.G. (1991) The Politics of Nationalism and Ethnicity. Basingstoke, MacMillan.

Kim, H., 2004. National Identity in Korean Curriculum. Canadian Social Studies 38(3), p.n3.

Low-Beer, A., 2003. School history, national history and the issue of national identity. International Journal of Historical Learning, Teaching and Research, 3(1), pp.1-6.

Marvasti, Amir B. (2004) Qualitative research In Sociology. London, Sage.

Neuman, W Lawrence. (2014) Social research methods: Qualitative and Quantitative approaches. 7th edit. Essex, Pearson.

Norton, Bonny. (2013) Identity and Language Learning: Extending the conversation. 2nd edit. Bristol, Multilingual Matters.

Parmenter, Lynne. (1999) Constructing National Identity in a Changing World: Perspectives in Japanese Education. British Journal of Sociology of Education, 20 (4), 453-463.

Pavlenko, Aneta. (2003) Language of the Enemy: Foreign Language Education and National Identity. International Journal of Bilingual Education and Bilingualism, 6(5), 313-331.

Phillips, R., Goalen, P., McCully, A. and Wood, S., 1999. Four histories, one nation? History teaching, nationhood and a British identity. Compare, 29(2), pp.153-169.

Pike, Graham. (2000) Global Education and National Identity: In Pursuit of Meaning. Theory into Practice, 39(2), 64-73.

Resnik, J., 2006. Alternative identities in multicultural schools in Israel: emancipatory identity, mixed identity and transnational identity 1. British Journal of Sociology of Education, 27(5), pp.585-601.

Sadker, D.M., Zittleman, K. and Sadker, M.P., 2012. Teachers schools and society. McGraw-Hill Higher Education.

Schlesinger, Philip. 1987. On national identity: some conceptions and misconceptions criticized. Social Science Information 26: 219–264.

Silverman, David. (2013) Doing Qualitative Research. 4th ed. London, Sage.

Smith, Anthony D. 1991. National Identity. London: Penguin

Tormey, R., 2006. The construction of national identity through primary school  history: The Irish case. British journal of sociology of education, 27(3), pp.311-324.

Ünal, Feyzullah & İnaç, Hüsamettin .2013. "The Construction of National Identity in Modern Times: Theoretical Perspective". International Journal of Humanities and Social Science Vol. 3 No. 11.

Vanderstoep, Scott W, and Johnston, Deirdrde D. (2009) Research Methods for Everyday Life: Blending Qualitative and Quantitative approaches. San Francisco, Jossey-Bass.

Wieviorka, M., 1998. Is multiculturalism the solution?. Ethnic and racial studies,21(5), pp. 881-910.

Wodak, R., De Cillia, R. and Reisigl, M., 1999. The discursive construction of national identities. Discourse and Society, 10(2), pp.149-173.

Wyse, J.L., 2008. TeachersÂ Perceptions of the Construction of National Identity through the Primary School Social Studies Program in Malawi.